# بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی دووهم ژماره (37) 1/10/2018 مانگی دووجار، له (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


**سەبارەت بە ستراتیژی شۆڕش لە کوردستان...**
**گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد**
لەلاپەرە 5 و 6 دا ... دەخوێنینەوە

# گاڵتەجاری هەڵبژاردن کۆتاییهات، کاتی یەخەگرتنی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە، بۆ ناچارکردنیان بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان!

## وتەی ژمارە

سەرئەنجام دوای ماوەیەک لە بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و بەخشینەوەی بێ کۆتا و بێ سنوری سەدان هەزار درۆو وادەو بەڵێنی فریوکارانە، هەڵبژاردن تەواو بوو. ئەوەی کەپێش وەختەش دیارو ڕۆشنە، حزبەکانی دەسەڵات و پشت بەستو بە هێزی چەکدار و ملۆزمی داهات و سامانی کوردستان و نۆکەر پیشە و خوگرتوو بە خۆبەستنەوە بە سیاسەتی زلهیزەکانی ڕۆژی دنیاو وڵاتانی ناوچەکە، سەرباری هەر ئاڵوگۆڕێک لە ژمارەی کورسیەکانیان، وەکو هێزی دەسەڵات و بریار بەدەستی زونەکان دەمێننەوە... هێزەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنیش، سەرباری هەر ئاڵوگۆرێک لە کورسیەکانیان، دوبارە باجی وەهمی دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە دەدەن و لە بازنەی" هەڵبژاردن، دوبارە هەڵبژاردن و هەڵبژاردنەوە" دەخولێنەوە و بۆچوار ساڵی تر یان زیاتر... بەبەڵێنی دەیگۆرین، چاکسازی دەکەین، دەچینە لوتکەی دەسەڵات، ماشێنی بەرهەم هێنانەوەو ڕاگرتنی بەشێک لە جەماوەرەکەیان دەچەرخێنن، بۆ ئەوەی لە کایەی هەڵبژاردنی داهاتوودا، دوانەکەون و دیموکراسی!! لەکەدار نەبێت.

دیارە ئەگەر بۆ حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، هەڵبژاردن تەواو بوو، وە تا چوارساڵی تر... هەر لایەنەیان، جێگای خۆی دەگرێت، بەشدار یان لە دەرەوەی دەسەڵاتدا دەبن... بەبەشی خۆیان ناڕازی یان ڕازی و گوێ لەمست دەبن... ئەوا بۆ خەڵکی کوردستان چنگە کرێ بۆ ژیان، خەبات بۆ دنیایەکی باشتر، بەردەوام دەبێت و بێ پسانەوەیە.

هەڵبژادن لە کوردستان، بۆ حزبەکانی بزوتنەوەی کوردستان مەیدانی جەنگێکە لە دژی خەڵکی کوردستان و بۆ پاشەکشەکردن بە خواست و هیواو مافەکانیان. حزبەکانی دەسەڵات بەدەستی کوردستان لەرێگای هەڵبژاردنەوە، درۆی ڕەوایەتی دەسەڵاتیان بە دیموکراسی زاخاو دەدەنەوەو بەدنیای دەرەوەش دەڵێن دیموکراسی سەرکەوت. بێ ئەوەی لەو دیموکراسییە، خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیش و نەداری کوردستان، هیچیان دەستکەوتبێت. مەیدان ولایەنێکی جەنگی دەسەڵات لەدژی خەڵکی کوردستان هەڵبژاردنە، و لەماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، لەهەر گۆشەو زەمینەیەکدا بە لێشاو بەڵێن و وادەیان بەخشیەوە، دەستەو دامێنی جەماوەر بوون، خزمەتکاری خۆیان بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵگە ڕاگەیاند... دیارە لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو ئەو وەعدەو بەڵێنانە و خۆ چەماندنەوەیە بۆدەنگ کۆکردنەوە، ڕێگایەکی بۆ لاپەرە ٢

## ٢٥٠ هەزار تا یەک ملیۆن ئینسان لە عێراق بێ سەروشوێن کراون!

بەپێی راپۆرتێکی هیومان ڕایتس وۆچ، رێکخراوی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ، لە ساڵی ٢٠١٤ وە تا ساڵی ٢٠١٧ هیزە ئەمنیەکانی عێراق و میلیشیا چەکدارە تایفی و قەومیەکان، بەسەدان هەزاران ئینسانیان بێ سەروشوین کردووە، کە زوربەی ئەو بێ سەرو شوێنانە سەر بە" عەرەبە سونەکانن" لەناو ئەو شالاوی رفاندن و ونکردنەدا بەسەدان منالیشی تیایە... ئەو ئامارە ترسناکە لە دەستگیرکردن ونکردن و رفاندن و بێسەرشوێن کردن، لە چوارچیوەی ئۆپەراسیۆنی دژ بە داعشدا ئەنجامدراوە... زۆریک لەو دۆسیانە پەراوی دیکۆمێنتاری بۆ کراوەتەوەو... ئاراستەی بەرپرسانی عێراق کراوەتەوە، بەلام بەرپرسانی عێراق، وەلامیان بەدواکاری...

UNITED NATIONS

بۆ لاپەرە ٢

## حزبی کرێکارانی بەریتانی شەڕی چینایەتی ڕادەگەیەنێ... ل2

## دوای ساڵێک بەسەر ریفراندۆمدا، دیمانە لەگەڵ ئاسۆ کەمال... ل7




## دیمانە لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەند لە" سەمای گڵ و ڕەنگ" دا... ل10

## بەڵای ریفراندۆم ل3


کردار شەرتە...ل3
پارتی و یەکێتی ناتوانن ئارامی و بنیاتنان بەدی بهێنن...ل4
هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان... ل8
لەگۆشەیەکی ترەوە...ل9
پەروەردەی خورافەی ئێران و گرفتەکانی ژنان...ل11

## درێژەی وتەی ژمارە...

ئاشکرای فریوکارییە، هاوکات دانپیانێکی ئاشکراشە بە نەبوونی هیچ... خزمەتگوزاری و ماف و ئازادی و ویستە زۆر و زەبەندەکانی هاوڵاتیاندا، بۆیە لەهەر زەمینەیەکدا بە "بلۆک" بەڵێنیان دەدا...

ئێستا کە هەڵبژاردنەکان، کۆتاییان هات و لەچەند رۆژی داهاتوودا، ئاکامی هەڵبژاردنەکان!! رادەگەیەنرێت... کاتی ئەوەیە خەڵکی کوردستان بەگشتی، چ ئەو جەماوەرە زۆرەی بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردووە و چ ئەو جەماوەرەی لەژێر هەر هەرەشە یان خۆشباوەڕییان بە حزبەکان، بەشدارییان هەڵبژاردنیان کردووە، پێویستە یەخەی دەسەڵات بگرن و لەرێگای جۆراوجۆری خەباتکارانەوە گوشار بهێنن بۆ حزبەکان، تا پابەندی بەڵین و وادەکانیان بن...

نابێ رێگەبدرێت، ئەو حزبانە شانی خۆیان لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و داوا رەوکان و مافەکانیان و ئازادییەکانیان خاڵی بکەنەوە، و چوار ساڵی داهاتوش بکەنە سەرچاوەی خیرو بەرەکەت و نیعمەت بۆ خۆیان و چینی سەرمایەدار و بازرگانان سیاسی و ئابورییە چاوچنۆکەکان و ژیانی مەمرەو مەژی و بێبەشی و نەداری و بێمافیش بکەنە بەشی زوربەی زۆری کۆمەڵگە، کە کرێکاران و کارمەندان و زەحمەتکێشانی کوردستانن...

لیستی بەڵێنەکان، پەیامی سەرۆک حزب و لیستەکان، بەرنامەی بانگەشەکان، کروزانەوەی کاندیدەکان و وادەکانیان، دیمانەو گفتۆگۆ پر بەڵێنەکانیان... لە گوێی هەموو تاکێکی خەڵکی کوردستاندا دەزرنگێتەوە... پێویستە و دەبێ، بەرپرسیارێیتی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێن و وادانەیان بە ئەستۆدا هەڵبواسرێت و ناچار بکرێن کە دەست بۆ جێبەجیکردنیان ببەن... لە حاڵەتی گوێنەدان و پشتکردنە ئەو وادەو بەڵینانەیان، لەگەڵ کۆتایی هاتن و بەفەرمی راگەیاندنی ئاکامەکان، لەگەرەکەکان بۆ خزمەتگوزاییەکان برژێنە سەر جادەکان، لە کارگەو ناوەندەکاندا بە کۆبونەوەی گشتی و لە دەوری یەکتری و بە شێوەی رێکخراو، داوای ماف و داخوازیەکانیان بکەن و پەیام نامە و بانگەشەکان بدەنەوە بەرووی حزبەکان و کاندیداکان و ریزی وردو درشتی لغاو بەرەڵای هەڵڕشتنی بەڵێنەکانیان... گومان هەڵنەگرە ئەو حزبانە، بە خۆشی خۆیان دەست بۆ هیچ چاکسازی و خزمەتگوزاری و وەڵامدانەوە بە خواست و داواکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێس نابەن و دەبێ یەخەیان بگیرێت، دەبێ گوشاریان بۆ بهێنرێت. دەبێ هەرەشە لە دەسەڵاتیان بکرێت... ئەمەش بە بێ رێکخراوبوون، بەبێ خۆجیاکردنەوە لە ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیونالیستی و کوردایەتی، بەبێ دەست بەکاربوونی بەنەخشەی رابەران و هەڵسوراونی چەپ و کۆمۆنیست و رابەرانی کرێکاریی و جەماوەری ممکین نابێت... حزبەکان و قسەکەرەنیان، کاندیداکانیان، بەرپرسە وردو درشتەکانیان، ئەگەر بەهێزی ڕیکخراوی جەماوەری ناچار نەکرێن بۆ جێبەجێکرنی وادەو بەڵێنەکانیان، ئەوا دیسان تا چوار ساڵی تر کۆمەڵگە دادەدۆشن و لە هەڵبژاردنی ٤ ساڵی داهاتوودا، هەمان ئەو بەڵین و وادانە، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا دوبارە دەکەنەوە، هەروەکو چۆن لە خولەکانی پێشودا کردویانە...

ئەگەر چەند هەفتەی رابردوو کات و رۆژی بەڵێندانی حزبەکان و بەرپرس و کاندیداکانیان بوو بۆ بەخشینەوەی وادەو بەڵێن بۆ خزمەتکرنی خەڵکی کوردستان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و زامنکردنی مافە فەردی و مەدەنی و ئازادییەکان، ئەوا ئێستا دوای هەڵبژاردنەکان کات و رۆژی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکیشە بۆ درێژەدان بە نارەزایەتیەکانیان بە گورو تینیکی زۆرترو فراوانتر لە پێشوو، رێکخراو ترو رۆشنتر لە رابردوو، لەپێناو ناچارکردنی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە بەڵێنەکانیان و بۆ بەدەستهێنانی ویست و داخوازییە

# حزبی کرێکارانی بەریتانی شەڕی چینایەتی ڕادەگەیەنێ

### سالار حەمە سەعید

کۆنفرانسی حزبی لەیبەر (کرێکاران) ی بەریتانی کە لە ٢٣ ی ئەم مانگەدا دەستی پێکرد ولە ٢٦ی سپتمبەردا کۆتاییپێهات، کۆنفرانسێکی سەرکەوتووانەی ئەنجامدا بەوەی زۆر ڕاشکاوانە شەڕی خۆی ڕاگەیاند بەرامبەر بۆرژوازی لەدیفاع و بەرگری لە کرێکاران. جۆن مەکدۆنێڵ بەپێی میدیاکانی بەریتانیا "جەنگێکی چینایەتی ڕاگەیاندووە" و لەزاری حزبەکەیەوە پلانی خۆیانی ڕاگەیاند کە لە ئەگەری سەرکەوتنیاندا لە دەورەی داهاتووی هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا بەوەی کرێکاران سەهم و بەشیان پێ بدرێ لە هەرکۆمپانیایەکدا کە ژمارەی کرێکارانی لە ٢٥٠ کرێکار زیاتر بێت، سندوقێک تەرخان بکرێت بۆ خڕکردنەوەی لە سەدا ١٠ ی سەهم و شێری (بەشی) سوودی کۆمپانیاکان بۆ کرێکاران کە ئەمە دەسەپێنرێ لەلایەن حکومەتی لەیبەری داهاتوودا لە حاڵی گرتنی دەسەڵات دا. کە ئەم لەسەدا ١٠ یە لە شێر و سەهمە وەک بەش و سەهمی کرێکارەکانە لەو سوود و قازانجەی کە کۆمپانیاکە کردوویەتی، کە دەکاتە بڕی ٥٠٠ پاوەند لە ساڵێکدا بۆ هەر کرێکارێک، وە هەر بڕێکی زیاتر دەخرێتەوە سەرخەزێنە بۆ خزمەتگوزاری گشتی خەڵک. ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخاندەکرێ ١٠,٧ ملیۆن کرێکار دەگرێتەوە. ٤ بلیۆن پاوەند لە شێر و سەهمی قازانج بە کرێکاران دەدرێ لە دەوری یەکەمی حکومەتی جێرمی کۆربن دا. ساڵانەش خزمەتگوزارییە گشتیەکان ٢بلیۆن پاوەند وەردەگرن.

لەیبەر پلانی هەیە کە دەست بەرێت بۆ بڕی شەش بلیۆن پاوەند لە بزنس و کەسب و کارو بازرگانییەکان. ئەم پلانە پێشبینی ئەوەی لێدەکرێ کە نارەزایەتی گەورەی لێبکەوێتەوە لەلایەن سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان.

**حزبی لەیبەر دەڵێ بەم پلانە تەنها بەش و شێر نادرێ بە کرێکاران، بەڵکو لە کۆمپانیاو کارگەکانیشدا دەنگ یان دەبێت.**




ماکدۆنێل دەڵێ ئەوە تەنها کرێکاران نییە کە سوود لەم پلانە وەردەگرن، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگە سوودمەند دەبێت، قازانجەکە دابەش دەکرێ بەسەر هەموو کۆمەڵگەدا. ئەوەی شایەنی باسە کرێکاران بەردەوام سەهم و بەشیان لە قازانج و سوودی کۆمپانیا و کارگەکاندا کەم و بەرەو کەمتر چووە، بەپێی ئامارەکان زۆرترین سەهم و بەش کە کرێکاران هەیان بووە لە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی دابووە لەساڵی ١٧٧٠ کاندا. ئەگەر کرێ و هەقدەستی کرێکاران هاوشان بوایە لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەپێزی بەرهەمهێنان لەساڵی ١٩٩٠ەوە ئەوا ئەمڕۆ لەسەدا ٢٠ بارو ڕەوشێکی باشتر و ژیانێکی ئاسوودە تردا دەژیا وە یاخود ٣ ڕۆژ پشووی هەفتەیان دەبوو بەهەمان ئەو مووچە وهەقدەستەی ئێستایان.

ئەبێ ئەوە لەیاد نەکەین کە ئەمە کارو کردارێکی بێ وێنە و بێ نەزیر نییە لەبەرئەوەی سۆشیال دیمۆکراتەکان لە ٨٠ کاندا پەیمانیاندا بەکرێکاران کە لەسەدا ٢٠ ی قازانج و سوودی کۆمپانیاکان بدرێ بە کرێکاران. لە وەڵام بەم بەڵێن و پلانانەی لەیبەر، میدیاکان دەستیان کردوە بە پەلاماری ئێجگار توند بەهێنانەوەی بڕوبیانووی جۆراوجۆر بۆ جێبەجێ نەبوونی ئەم پلانە کە گوایا ئەمە هانی خاوەن کۆمپانیاکان دەدات کە زیاتر لە ٢٥٠ کرێکار نەخەنە سەرکار وەیا دەرکردنی ئەو کرێکارانەی سەرووی ئەو ژمارەیە کە لەیبەر دایناوە. هەروەها پاساوی تر دێننەوە کە خاوەن کارەکان و سەرمایەداران وەڵامی ئەم جۆرە داوایانە نادەنەوە تەنانەت ناکرێ زۆریان لێ بکرێ کە ئەو بڕە پارەیە بدرێت بە کریکاران.

ئەوی ڕاستی بێت ئەم کۆنفرانسە و ئەوەی کە لەکۆنفرانسەکەدا ڕوویداوە و وتراوە لە سەرکۆنەکردنی ئەنتی سیمیتیزمەوە بیگرە تا قسەکردن لەسەر دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمان ئەگەر بریگزت بە سات و سەودا مامەڵەیەکی باشەوە نەیەتەدەر، دەنگدانەوەیەکی باشی بووە لەناو ڕاوبۆچوونی خەڵکدا و لەلایەن سەندیکا کرێکاریەکانەوە پشتگیری دەکرێن، خەڵک دڵخۆشە بەوەی لە کۆنفرانس وتراوە سەبارەت بەپلانەکانی لەیبەر لەدەرکێشانی بەریتانیا لەم بارو ڕەوشە و قەیرانە ئابووریەدا، لەیبەر دەڵێ کە ئێمە پلانمان هەیە بۆ باشترکردنی بارو ڕەوشی ئابووری بەریتانیا و لەدەستووری کارماندایە کە یاسا کارێکی باشتر بۆ کرێکاران بهێنینە پێشەوە.

**کۆتایی سپتمبەری ٢٠١٨**

## درێژەی...٢٥٠ هەزار تا یەک ملیۆن ئینسان لە عێراق بێ سەروشوێن کراون

خێزان و کەس و کارو تەنانەت هیومان ڕایس وۆچ یش نەدراوەتەوە...لەوبارەیەوە لەما فەقیە، جێگری بەڕێوەبەری هیومان ڕایتس ۆوچ بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ڕایگەیاندووە، "ئەو خێزانانەی باوک و مێردو کوڕەکانیان بێسەروشوێن کراون لە عێراق لەپاش دەستگیرکردنیان لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە بەپەڕۆشن بۆ دۆزینەوەی خۆشەویستانیان، سەرەڕایی چەندین ساڵ لەگەڕان و بەدواداچوون و داواکاری لە بەرپرسانی عێراقی، حکومەت هیچ وەڵامێکی نەداونەتەوە لەسەر شوێنیان، وە ئایا هێشتا لە ژیان ماون یان نا."

لەمیا فەقیە راشیگەیاندووە، "هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە پێشەنگی ئەمریکا ملیارەها دۆلاری لە یەکە ئەمنی و سەربازیەکانی سوپای عێراقدا خەرج کردووە، ئەم وڵاتانە بەرپرسیارێتیان هەیە لەسەر پێداگریکردن لەوەی کە دەبێت حکومەتی عێراق کۆتایی بهێنێ بەبێ سەروشوێنکردنی خەڵک و قەرەبووکردنەوەی خێزانەکانیان."

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ بێسەروشوێنان کەلەگەڵ حکومەتی عێراقی کاردەکات بۆ دۆزینەوەی بێسەروشوێنەکان، ژمارەی بێسەروشوێنەکانی عێراقی بە ٢٥٠ هەزار بۆ ١ ملیۆن خەملاندووە، ئەمە جگەلەوەی کە ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی ڕایگەیاندبوو کە عێراق زۆرترین ژمارەی بێسەروشوێنی تێدایە لە جیهاندا.

ڕێکخراوی هیومان رایس رونیکردووەتەوە، دەڵێت دەبێت حکومەتی نوێی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکەی مانگی ئازاری ڕابردوو بەرەنگاری بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ بێتەوەو لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی ڕابردوو بکاتە ئەولەویاتی حکومەتەکەی تا نیشانی بدات پاپەندە بە ڕێزگرتن و پارێزگاریکردن لە هەموو دانیشتوانی عێراق.

راشیگەیاندووە، "دەبێت ئەو حکومەتە کۆمیتەیەکی سەربەخۆ دروست بکات بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی لێکۆڵینەوە لە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ و مردنی زیندانیان لە هەموو زیندانە فەرمی و نافەرمیەکانی وڵاتدا."

ڕێکخراوەکە زیاتر دەڵێت، "ئەوانەی کە هێشتا لە زینداندان دەبێت یان بەفەرمی سزابدرێن یان ئازادبکرێن، ئەگەر مردوون، دەبێت بەرپرسان لاشەکانیان بگەڕێننەوە بۆ خێزانەکانیان و ڕوونکردنەوەیان لەوبارەیەوە بدرێتێ، دەبێت لێکۆڵینەوە لەهەر هێزێکی دەوڵەت بکرێ کە لەو پێشێلکاریانەوە گلاوەو سزا بدرێن و قەرەبووی خێزانی بێسەروشوێنەکان بکرێتەوە."

# بەڵای ڕیفراندۆم

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

هێشتا تەپوتۆز و هاش و هوشی دوای ریفراندۆم، نەنیشتۆتەوە. تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی سیاسی و هەڵسوراوی مەدەنی و کادری بەشێک لەحزبە سیاسیەکان و رۆژنامەنووس و نووسەر، باسی ریفراندۆم و لێکەوتەکانی ئەو ریفراندۆمە بەشێکە لە خۆراکی کایەی سیاسی و کاری رۆژنامەنووسییان...تاد. ئەوەی لەو نێوەدا جێگای رامان و باسە، ئەو بۆچوونەیە کە لای وایە دۆخی سیاسی کوردستان، بەرهەم و ئاکامی ریفراندۆمە... وە ریفراندۆم وەکو بەڵایەکی گەورە بۆسەر خەڵکی کوردستان لەقەڵەم دەدەن و هەموو دۆخی سیاسی و نەخوازروای ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان... شەتەکی ریفراندۆم دەدەن و ریفراندۆم بەهۆکاری ئەم هەلومەرجە دەزانن. ئەم بۆچوونە کەلەبنەرەتدا پشت بەستو بەهیچ فاکتێک نییە و بۆ بەشیکی زۆری نووسەران و رۆشنبیرانی!! کورد، تەنها خۆراکێکی رۆژانەی سیاسی و لەراستیدا بەشێکە لە شیواندنی هوشیارانەی ریشەی تەنگژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. ئەم بەرێزانە بەر لەریفراندۆم هەموو کیشەکانی خەڵکی کوردستانیان شەتەکی پرسی سەرۆکایەتی هەریم دەدا و هەموو کێشە سیاسی و گرفتەکانی خەڵکی کوردستانیان دەگێرایەوە بۆ پرسی سەرۆکایەتی هەرێم... لەدوای ریفراندۆمیش هەموو کێشەی خەڵکی کوردستان و تیکچوونی هاوسەنگی هێزی نێوان بەغداو هەرێم و دەگێرنەوە بۆ پرسی ریفراندۆم... ریفراندۆم وەکو کفرێکی سیاسی و هەنگاوێکی دیلێهێنەر و سەرچاوەی نەداری و برسێتی و بێ مافی دەزانن..

دوو دەستە یان دوو روانین لەدژی ریفراندۆم بەردەوام ئامادەییان هەیە... روانینێک کە سەرچاوەکەی ئەنتی پارتیی بوونە و پارتی بە خاوەنی ریفراندۆم دەزانن... ئەم روانینە لەگەڵ ئەوەدا کە ریشەکەی نارازی بوون و تورەییە لە پارتی، وە دیدێکی سەرچاوەگرتوو لە ململانێی حزبییە، بەڵام لەراستیدا خزمەتێکی باش بەپارتی دەکات... پارتی خۆی دەیەوێت و خوازیاری ئەوەیە کە وەکو خاوەنی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەربکەوێت و بۆیە شەتەک دانی ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆی بە گەردنی پارتیەوە هەم نادروست و هەمیش خزمەتێکی باشی پارتی دەکات... پارتی لایەنێکی بانگەشەی ریفراندۆم بوو، بەڵام هیچ کاتێک پێداگریان لەسەر ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی نەکردەوەو هەمیشە لە جێگای رێزگرتن لە ئیرادەو دەنگی خەڵکی کوردستان، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ریفراندۆمیان بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان لە عێراق نییە، بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ نییە. ئەو پێداگرییەی پارتیش لەسەر ئەوەی کە ریفراندۆمیان بۆ سەربەخۆیی نییە، بەرۆشنی ئەو راستیەی نیشان دەدا کە ریفراندۆم و ئاکامی ریفراندۆم بۆ پارتی کارتێکی سات و سەودا بوو بۆ ئامانجی تر... بەدیاریکراوێش بۆ بەکارهێنانی بوو لەگەڵ بەغدا و بۆ بەشی دەسەڵات و داهات... و هاوکات بەدەستەوە گرتنی بوو بۆ مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی... ئێستاش پارتی شانازی بە ریفراندۆمەوە دەکات و بەهی خۆ دەزانێت و خوازیارو تەنانەت هەموو هەوڵێک دەدات خۆی بەتەنها ببێتە خاوەنی ریفراندۆم و سەربەخۆیی... دیارە لەو راستایەشدا ئەوەی سودمەند دەبێت خودی پارتییە..

روانینی دووەم، کە زۆرتر دنیابینی نوخبەیەکی سیاسی و بەشیک لە ئەندام پەرلەمانە تەسەلەکان و میدیاو نووسەری موچەخۆریانە، دژی ریفراندۆم بوون نەک لەبەرئەوەی تەنها ئەنتی پارتین، بەڵکو بەو هۆیەوە، پرۆ عەبادین... ئەم نوخبەیە کوێرە لەئاست گەندەڵی و دزی تاڵانی دەسەڵاتی حزبە مافیایی و نۆکەرەکانی ئیسلامی سیاسی شیعی و میراتگرانی عروبە... کەڕن لە ئاست هاوارو ناڵەی خەڵکی نەدارو بێبەشی عێراق بەدەست بیمافی و بی خزمەتگوزارییەوە... لە ئاست دەسەڵاتی میلیشایی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، دەسەڵاتی بەغدا بە دەسەڵاتی یاساو رێزگرتن لە ئازادی و دیموکراسی دەزانن و کارکتەری رتوشکردنی رووی دزیوی دەسەڵاتی تائیفی و قەومین و بانگەشەی زورناژەنی بەغدان... دیارە ئەم خێڵە دوور و نزیک خەمی سەرەتایی ترین پرس و کیشەی خەڵکی کوردستانیان نییە، هەروەکو چۆن هیچ خەمێکی ماف و داخوازییەکانی خەڵکی ناوەراست و خواروی عێراقیشیان نییە، ئەوەی ئەمانە بەدوایەوەن لەوەرینە، لەسەر داهات و سامانی دزراوی خەڵکی عێراق و کوردستان.. ژیانێکی شاهانەیان بۆ خۆیان و خیزان و بنەماڵەکانیان بۆ ئێستاو دەیان دەهەی داهاتوو مسۆگەر کردووە، ئەمانە زۆرتر لە رەفیق حزبیە تیژ و باڵاکانی سەردەمی بەعس دەچن... بێ مۆراڵترین و دزترین نوخبەی سیاسی ناو دنیای سیاسەتن... دژایەتی ئەوانە بۆ ریفراندۆم نەسەیرەو نەجێگای رامانە، ئەمانە نانی دژایەتی ماف و پیشێلکردنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان لە ژیر چەتری حزبە قەومی و تایفی و مەزهەبیەکانی عێراقدا دەخۆن... ئەم دوو بەشە بەو روانین و هەڵبژاردنەی کردویانە، بۆ دژایەتی ریفرندۆم و شەتەک دانی کیشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بە ریفراندۆمەوە، گەورەترین خزمەت بە دەسەڵاتی ٢٧ ساڵەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی دەکەن و بەرپرسیاریەتی لەسەر شانی ئەو دەسەڵاتە لەدۆخی سیاسی کوردستان، لادەبەن و هەمووی گریدەدەن بە ریفراندۆمەوە... ئاخر ئەگەر دۆخی ئێستای کوردستان بەرهەمی ریفراندۆمە کە ساڵ و نیوێک بەر لە ئیستا ئەنجامدراوە، ئەی هەلومەرجی نەخوازراوی و ناشیرینی ٢٥ ساڵەی رابردوو کێ لێ بەرپرسە؟


دیارە کەسانێکیش هەن، کە دژی ریفراندۆم و بوون و هەن... بێ ئەوەی سەر بەهیچ کام لەم دوو روانین و دەستەیە بن، و لەراستیدا کەسانی دڵسۆزن، بەڵام هیشتا کیشەیان لەسەر کاتی ریفرندۆم و ئامادەکاری ریفرندۆم و کاردانەوەی وڵات و کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی و ...هەیە. ئەم بەشە هەم دژی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتین و هەم دژی دەسەڵاتی تایفی و قەومی بەغدان و لە بنەرەتدا خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان و پیکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و دەسەڵاتیکی شیاوی ئینسانین... کیشەی ئەم بەش و ئەم روانینە لەوەدایە، کە بەچاوێکی کراوەوە سەیری مێژووی جیابوونەوەکانی دنیا، قەوارەگرتن و پیکهاتنی دەوڵەت سازی، ئیرادەی وەگەرخەوتووی جەماوەری،... ناکەن، بەو هۆیەشەوە کێویک لە کۆسپ و رێگری لەبەردەم سەربەخۆیدا دەبینن تا رادەی بەمەحاڵ سپاردنی.

دۆخی ئێستای سیاسی کوردستان بەرهەمی ریفراندۆم نییە... لەگەڵ ئەوەدا لیکەوتەکانی ریفراندۆم لەوانەش تیکچوونی هاوسەنگی هێزی نیوان هەریمی و بەغدای خیراتر کرد... هەلومەرجی کوردستان دریژکراوەی دەسەڵاتی تاڵانچی میلیشیایی و حزبۆکراتی ٢٧ ساڵەی بزوتنەوەی کوردایەتی و فیدرالیزمی قەومی وهەوڵی ٢٧ ساڵەیانە بۆ لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقی عروبی و ئیسلامی عێراقەوە... کە ئەمە دوو گرفتە سەرەکی و بناغەیەکەی کۆمەڵگەی کوردستانن... حزبەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، لەبەرامبەر بەو دوو گرفتەدا کە خۆیان بەشێکن لە گرفتەکە، کۆسپی سەرەکی بەردەم چارەسەرو وەڵامدانەوەن بەو هەلومەرجە نەخوازراوەن... پارتی و یەکێتی و حزبە هاوبەشەکانیان و بەناو نەیارەکانیان، هەموویان بەرپرسی ئەو دۆخەن و رێگاچارەیەکی جیاوازیان لەگەڵ یەکتری نییە... هەموویان بەشداری دەسەڵات بوون و پۆست و پلەی حکومی و ئیداریان هەبووە... لە ئیستاشدا هیچ کام لەو حزب و لایەنانە، رێگاچارەیەکی جیاوازی بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان نەخستۆتە روو، هەموویان بەکردەوە بەرگری لە یەکپارچەیی عێراق دەکەن و هەمووشیان خۆیان بە بەرگری کەر لە ئەزموونی هەریمی کوردستان دەزانن... هەموو ئەو لایەن و کەسانەی لە خانەوادەی بۆرژوازی کوردا دژی ریفراندۆم بوون و یان دژی بوون، ئیستا هەموویان روویان لە بەغداو کرنۆش بردنە بۆ دەسەڵاتی داهاتووی ناوەند، کە دەسەڵاتێکی نادیموکراتی و نا شارستانی و تایفی و قەومییە و مەزهەبییەو هەمیشە بە چاوی پلە دووی دەروانە خەڵکی کورد زمان و بەهیچ جۆرێک و بەخۆشی خۆیان مل بە ئیرادەی و ویستی خەڵکی کوردستان نادەن...

چارەسەری ئایندەی سیاسی خەڵکی کوردستان، نەلای حزبەکانی بۆرژوازی کورد و نە لە ئەجندای هێزەکانی بەغدادایە... زامنی ئایندەی شیاو کارسازی خەڵکی کوردستان گرێدراوە، بە راماڵینی دەسەڵاتی میلیشیایی بزوتنەوەی کوردایەتی و جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق و بەرەسمی ناسینی ئاکامی ریفراندۆمی فەرمییە، کە ئەنجامدراوە... کەیسی بەهیز بەدەست خەڵکی کوردستانەوە لە بەرامبەر بەغدادا بەدەستەوەگرتنی ئاکامی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆییە...

# کردار شەرتە!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود



لەناو حزبەکانی کوردستان و کاراکتەرەکانی ئەو حزبانەدا، بەخشینەوەی بەڵێن و پەرتکردنی درۆ و وادەی سەررێژی بێ کردار پێویستی بەسەلماندن نییە... لەهەموو خولەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، هەڵمەت و خولی درۆ بەخشینەوەی حزبەکان و کاراکتەرە سیاسیەکان دەگاتە ئاستی سوکایەتی بەخۆکردن و نیشاندانی هونەر پیشەیی لە لەخستنەرووی درۆ و فریوکاریدا... لەو نێوەدا بەرهەم ساڵح نمونەیەکی بەرجەستەی ئەو کاراکتەرانەیە. بەرهەم ساڵح بەمەبەستی خۆجیاکردنەوە لەو هەموو درۆ و فریوکاریی و بەڵێن و وادە رەنگاورەنگانەی حزبەکانی کوردستان و کاراکتەرە سیاسیەکان، عادەتیان کردووە، بیبەخشنەوە و بەکرداریش پێچەوانەکەی نیشان بدەن... بانگەشەی کردار شەرتەی کرد بەناوی خۆیەوە، ئەم زاتە چ ئەو کاتەی لەناو یەکێتی بەرپرسی بانگەشەی هەڵبژاردن بوو، چ ئەوکاتەش وازی لە یەکێتی هێناو قەوارەی هاوپەیمانیەتی بۆ دیموکراسی لەگەڵ ژمارەیەک لە کادری حزبی تۆراو بەرژەوەندیخواز پێکهێنا، دەستەواژەی کردار شەرتەی کردە میدالی بانگەشەکانی و کەوتە فشین بەو بانگەشەیەوە... ئەوکاتەی هاوپەیمانیان پێک هێناو بووە سەرۆکی قەوارەکە، لەچەندین بۆنەو لە هەموو ئەو چاوپێکەوتنانەی لە میدیاکاندا لەگەڵی سازدراوە، لەوەڵامی گومانی خەڵک و میدیاکان و کادرانی سیاسی و،،،تاد، کە ئایا ناگەڕیتەوە ناو یەکێتی؟ ئایا ئەم هاش و هوشەی بۆ پۆست نییە؟ بەوپەری لەخۆرادیوییەوە، نەک هەر حاشای لەوە دەکرد بگەرێتەوە ناو یەکێتی، بەڵکو بانگەشەی کۆتاییهێنان بە خزم خزمێنە، و دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و قۆرغکاری و گەندەڵی دەکردو دەستەواژەی کردار شەتەشی دەکردە پێشگر یان پاشگری وتەو وتارەکانی... لە پەیوەند بە روح سوکی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماریدا، دەیوت ئەو ئامانجی پۆست نییەو ئەگەر بیویستایە لەبەردەستی بووە و ئەو کار بۆ گۆرینی سیستەم دەکات و تەماحی پۆستی نییە، تەنانەت کاتێک لەیەکێک لە بەرنامە تەلەفزیۆنەکاندا، پرسیاری لێکرا، ئەگەر گەرایتەوە ناو یەکێتی و وازت هێنا چی، وتی دنیا دنیای لەدوایەو ئینسان بۆ پاراستنی حورمەت و ئەخلاقی خۆیشی شتی واناکات... و دیسان ئایندەی بەشاهید دەگرت و کردار شەرتەی دەپژاند. کەچی بەم دوایانە جەنابیان نیشانیدا کردار شەرتەو بەکردەوە پشتی کردە هاوپەیمانیەتەکەی، پشتی کردە هاوڕیکانی، پشتی کردە وادەو بەڵێنەکان و پشتی کردە درۆی کردار شەرتەو، بە کردار کاراکتەربوونی خۆی و فریوکارییەکانی خستە روو. لە پێناو پۆستی سەرۆک کۆماردا، کە پێشتر دەیوت ئامانجی نییە، گەرایەوە ناو حزبی مام و یەکێتی، کە بریار بوو لەدەسەڵاتیان بخات... گەڕانەوەی د، بەرهەم بۆ ناو یەکێتی لە پێناو ئەوەی بەربژێری بکەن بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، سەرۆک کۆمارییەک کە کاری تەشریفاتی و چاک و چۆنی، واژۆ دانە لە سزای قێزەونی دژە ئینسانی ئیعدام و لەبەرامبەریشدا پارە و موچەو ئیمتیازی خەیاڵی وەردەگرێت...

دکتۆر بەرهەم، بە کردار نیشاندانیدا، وێڵە بەدوای پوچترین پۆستدا، کە پۆستی سەرۆک کۆمارە. بەو هەنگاوەشی ئەو راستیەی خستەوە روو، کەئەو هێندەی خەونی پارەو پوڵ و پۆست، گێژی کردووە، هێندەش لە پابەند بوون بە بەڵێن و راستگۆیی دورەو و ئامادەیە لە پێناو پارەو پۆستدا، هەرچی ئینسان قێزو بێزی لێدەکاتەوە، لای ئەو بۆن و بەرامەیەکی ناوازەی بێ هاوتای لێدێت... سڵ لەکردنی ناکاتەوە...

ئەو زگزاکیەی دکتۆر بەرهەم، تەنانەت لەناو خانەوادەی بۆرژوازی و کارەکتەرە سیاسیەکانیشیدا، کەم وێنەیە... لەمێژووی دوورو درێژی بزوتنەوەی کوردایەتی و کەسایەتیە سیاسیەکانیدا، سەنگەر گواستنەوە، پەشیمان بوونەوە، نۆکەر پیشەیی، خۆ فرۆشی بۆ پارە، پاکانە پڕکردنەوە... هەمیشە بووە، بەڵام هەرگیز بەو ئاستە لە خێرای و بەو جۆرە لە زەلیلی، رووینەداوە. بەراستی کردار شەرتە.

بەرهەم ساڵح نەک لای هەر ئینسانیکی هوشیار و سیاسی، بەڵکە لای هەر کەسێک ئەگەر زەرەیەک راستگۆی لەدەریای دروۆ و فریوکاریدا هەبێت و بدۆزرێتەوە، خۆی کردە مەسخەرەترین کەسایەتی سیاسی لە مێژووی بزوتنەوەی کوردایەتیشدا... ئافەرین پیاوی کردار شەرتە!! چۆن بۆ پۆستێکی پوچ و لە پێناو پارەو ئیمتیازاتدا، تفت کردە هەموو ئەو بەڵین و وادانەی، کە هەموویان بەتازەیی لەبەردەستن...

بەرهەم ساڵح بەم رەفتارەی و زگزاگ سیاسیەی کردی، ئینتیحاری سیاسی کرد، بۆ پارەو پۆست... هەر بژی بەربژێری ئەو حزبەی بروای بە تۆیە،... دیارە یەکێتیش بە بەربژێرکردنی بەرهەم ساڵح بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری، گورزیکی کوشندەی وەشاندە بەرهەم ساڵح و کردییە ژمارەیەکی ناچیز لەناو خۆی یەکێتیشدا... بەرهەم ساڵح بوو پیاوی کرداری نامۆ... پیاوی پشتکردنە هەموو راستی و پرانسیب و مۆراڵیکی سیاسی... ئەم پۆستە نوێیەت پیرۆز!!

# پارتی ویەکێتی ناتوانن ئارامی و بنیاتنان بەدی بهێنن

## نووسینی: عبدالرحمن رسول



٢٧ساڵە لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتدار کەخۆیان خاوەن حکومەت و پەرلەمانن لە باشووری کوردستان بانگەشە بۆ هەبوونی ئارامی و ئاشتی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ دەکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە باشووری کوردستان گوزەر دەکات بەناو نائارامی و نا ئازادی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.

بە بەردەوامی هەواڵی هاتنی هێز و سوپای داگیرکەری دەوڵەتی فاشیزمی ئیسلامیی ئێران و تورکیا و عێراق دەبن بۆناو خاکی باشووری کوردستان تۆپ باران و بۆمبارانی شاخ و دۆڵ و دێهات و شارەکانی باشووری کوردستان دەکەن. چەندین ساڵە سوپای دەوڵەتی تورکیا و سوپای پاسداری ئێرانی لەناو بەشێک لە خاکی باشووری کوردستاندا جێگیر کراون، هەرکات ویستوویانە بەبێ هیچ ڕێگرێک هێرشیان کردۆتە سەر نەیار و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانیان لە ناو باشووری کودستاندا.

هەر لەژێر کاریگەری سیاسەتی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەدا چەندین ساڵ شەڕی ناوخۆیان لەگەڵ یەکتری ساز کرد و خەڵکیان کردە قوربانی و ئاوارە، چەندین کەسیان لە کادیر و ئەندامی یەکتریان و زیندانی و بێ سەروشوێن کرد، کە هەتا ئێستاش چارەنووسی بەشێکی زۆریان نادیارە، چەندین جار کەسوکاری حیزبەکان چوونە بەردەم پەرلەمان و حکومەت بۆ زانینی چارەنووسی بێ سەروشوێن کراوان، بەڵام هەتا ئێستا هیچ وەڵامێکیان وەرنەگرتۆتەوە.

هێز و سوپایی پاسدارییان چەندین جار هێنایە سەر حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٦ سوپای پاسداران تۆپبارانی کەمپەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری کۆیە کرد، سوپای پاسداران هەتا قوڵایی باشووری کوردستان هات. هەروەها سوپایی دەوڵەتی عێراق هەتا قوڵایی باشووری کوردستان هات لە ٣١ی ئابی١٩٩٦ کە لە شاری هەولێر خەڵکێکی بوونە قوربان و بریندار‌بوون و کەم ئەندام بوون.

فتوای تیرۆرکردنی هەڵسوڕاوان و کادیرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەلایەن مەلابەشیر و هاوفکرەکانی دواتر بووە هۆی تیرۆرکردنی دوو لەڕابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەوانیش (شاپوور عبدالقادر و قابیل عادل ) بوو لە ساڵی ١٩٩٨،

پاش بیست ساڵ لە تیرۆرکردنی هاوڕێیان شاپوور و قابیل فتوادەرو تاوان بارەکەیان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکرێتە ئەندام پەرلەمان و دواتر پۆستی جێگیری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی پێ دەدرێت.

چەندین جار بەفڕۆکە لەلایەن سوپای دەوڵەتی ئیسلامی تورکیاوە هێرشکراوەتە سەر چەندین ناوچەی باشووری کوردستان کە لە ئەنجامدا کۆمەڵکوژی ئەنجامدراوە کە زۆرینەیان ژن ومنداڵ و هاوڵاتی سیڤل بوونە قوربانی و کەم ئەندام کران.

بەردەوام ئەم حیزبانە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا بەڵێنی دابینکردن ماف و ئازادی و باشترکردنی خزمەتگوزاری یان بەخەڵکداوە، بەڵام خەڵک لەدوایی هەڵبژاردنەکان کەمترین خزمەتگوزاری نەبینی و کارەبا و ئاوی پاکی بۆ خەڵکی دابین نەکرا، ساڵ لەدوایی ساڵ کەرتی گشتی و بەرهەمهێنانی ناوخۆیی زیاتر وێرانیان کرد و دزی و گەندەڵی هەر گەشەی کرد، تیرۆرکردنی هەڵسوڕاوانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان درێژەی هەیە، هەموو ساڵێک چەند کەسێک تیرۆر کراون.

بە بەردەوامی هەڵسوڕاوانی سیاسی ئازادیخوازانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیرۆر دەکرێت لە باشووری کوردستان، بەهۆی هەبوونی چەندین دەزگایی ئیتڵاعات و میت و جاسوسی بە ئاسانی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ئێران و تورکیا لە تیرۆرکردنی نەیاران و ئۆپۆزیسیۆنانیان سەرکەوتوو دەبن.

لە ٨ی ئەیلولی ٢٠١٨ سوپایی پاسدارانی تیرۆرستی فاشیزمی ئیسلامی ئێران بە سارۆخ و بۆمب و فرۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرشی کردە سەر کەمپی نیشتەجێبوونی هەر دوو حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران لە شاری کۆیە، زۆر بەداخەوە کە لەئەنجامدا ١٧ کەس بوونە قوربانی زیاتر لە ٤٠ کەسیش بریندار‌بوون .

هەر لە ناوەڕاستی ئەیلولی ٢٠١٨ بەشەو لەلایەن چەند چەکدارێکەوە تەقە لە بارەگایەکی کۆمەڵە لە شاری سلێمانی کرا. هەروەها چەندەها کەس لە کادیر وهەڵسوڕاوانی ئازادیخواز و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەناو شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان لەژێر سایەی دەسەڵات و حکومەتی حیزبەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان تیرۆرکران و هیچ کەسیش لە تیرۆرستان و بکوژانیان دادگایی و سزا نەدران.

لە ٢٠١٨/٩/٢٢ هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی شەش کەس لە هەڵسوڕاوان و کادیرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان زیندانی دەکەن تەنها لەبەرئەوەی بانگەشە بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنی باشووری کوردستان دەکەن، سەرکوت و ئیستبداد بەجۆرێکە تەواوی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە.

ئەوەتا لە ٢٠١٨/٩/٢٣ زیاتر لە ٥٠ کەس هێرش دەکەنە سەر بارەگای تەڤگەری ئازادی کوردستان لە شاری سلێمانی، زیانی زۆر بە بینا وکەلوپەلی ناو بارەگاکە دەگەیەنن و بارەگاکە دەسووتێنن، هێزەکانی ئاسایش بینەری ئەم هێرشە دەبن بەبێ ئەوەی کەس دەستگیر بکەن.

چەندین جار بارەگای حیزبەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و نەوەی نوێ و ئیسلامیییەکان لە ژێر دەسەڵاتی پارتی هێرشی کراوەتە سەر و سوتێندراوە و کادیران و ئەندامانیان زیندانی کراون و ئازاردراون.

چەند ڕوو قایم و بێ شەرمن ئەم حیزبانەی پارتی و یەکێتی کەچی لەدوایی ئەم هەموو ڕووداو و کارە تیرۆریستییانە باس و بەڵێنی دابینکردنی ئارامی و بنیادنان و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و خزمەتگوزاری بۆ خەڵک دەکەن، باسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکەن کەچی لەئێستا هەریەکەیان شەڕیانە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار و پۆست و پلەی حکومی لەناو دەوڵەتی عێراقی ئیسلامیدا. کەواتە ئەمانە بۆ بەرژەوەندی حیزبی و شەخسی حیزبایەتی دەکەن و دەچنە پەرلەمان نەک بۆ دابینکردنی ماف و ئازادی و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ خەڵک .

پێویستە خەڵکی باشووری کوردستان چیتر فریونەخۆن بە بەڵێن و بانگەشە درۆینەکانی ئەو حیزبانە چیتر خۆیان ڕاپێچی چەوسانەوە و نابەرابەری و کێشە و قەیرانی زیاتر نەکەن و بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنەی باشووری کوردستان بکەن، بەیەک دەنگ و خەباتی هاوبەش دەسەڵات وسیستەمی چەوسێنەر و نابەرابەر و سەرکوتگەر و دز و گەندەڵ ڕیسوا و شەرمەزاربکەن بە بایکۆتکردنی هەڵبژاردن، لەبەرئەوەی بایکۆتکردنی هەڵبژاردن ڕێگایەکی ترە بۆ بەهیزکردنی تێکۆشان و خەباتی هاوبەشی یەکگرتووانەی خەڵکی کوردستانە بۆ بەدیهێنانی ماف و ئازادییەکان. هەنگاوێکە بۆ بەرەوپێشچوونی تێکۆشانی خودی خەڵکی ناڕازییە بۆ ئەوەی بتوانن لە تێکۆشانی داهاتوویاندا خۆیان ڕاستەوخۆ بەشداربن لە دەسەڵات و ئیدارەدانی کۆمەڵگە ئەویش لە ڕێگای حکومەتی شوورایيدا، لە ژێر سیستەمێکی سۆشیالیستیدا کە ماف و ئازادییەکان بۆ هەموان بەبێ جیاوازی دابین بکات...

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتیەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bopeshawa@gmail.com / ماڵپەری بۆپێشەوە / www.bopehsawa.net

# ستراتیژی شۆڕش لە کوردستان

## گفتوگۆیەکی هەمەلایەنەیە لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد



**بۆپێشەوە: لەدرێژەی گفتوگۆکەمان لەسەر هەڵبژاردن، لەوەلامی ئەوەی دەبێ چ بکرێ پێداگری لەسەر شۆرش دەکەن... لەکاتێکدا نە دەوڵەتێک و نە حکومەتێکی دانپیانراوی نێودەوڵەتی لە کوردستان بوونی نییە...تا شۆرش لەدژی بکەیت، لەجێگای ئەوە دوو دەسەڵاتی میلیشیایی پاوانی دوو زۆنیان کردووە... لەهەر وڵاتێکی دنیا کەدەست بەسەر حکومەتدا گیرا، دەسەڵات کۆتایی دێت... لە کوردستان تۆ حکومەت و پەرلەمانیش دەست بەسەرابگریت یان هەر بوونیشیان نەبێت... هیچ ناگۆرێت، پرسیار ئەوەیە چ شۆرشێک؟ چۆن شۆرشێک، بە تایبەت ئەوەی کە ئێستا کوردستان لەلایەن دوو دەسەڵات لە دوو جغرافیادا بەرێوەدەبرێت؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** بەر لەوەی برۆینە سەرباسی ئەو مەسەلە پرۆبلیماتیکەی خستوتانەڕوو دەربارەی دۆخی کوردستان و تایبەتمەندی دەسەڵاتی سیاسی، بە پێویستی دەزانم لەو بەشەی پرسیارەکەتان دەربارەی "چ شۆڕشێک"ەوە بچینە ناو باسەکەوە. لە ڕوانگەی منەوە تەنها یەک شۆڕش لە دنیای هاوچەرخدا کە بە مانای واقعی وشە پێی بوترێت شۆڕش لە ئارادایە، ئەویش شۆڕشی کرێکارییە بۆ لەڕیشە دەرکێشانی سیستەمی کاری بەکرێ و موڵکایەتی تایبەتی و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی بێ چین و چەوسانەوە. دەمێکە زەمینە بابەتیەکانی ئەم شۆڕشە و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران و تێروتەسەل بۆ هەموو دانیشتوانی گۆی زەوی فەراهەم بووە. بەئەنجام گەیشتنی ئەم شۆڕشە تەنها لەسەر ئامادەییە زاتیەکانی چینی کرێکار ڕاوەستاوە. ئەگەر پێویستی کرد دواتر دەتوانین وردتر لەسەر ئەمە برۆین. لێرە تەنها مەبەستمە لە وەڵام بە گۆشەیەکی پرسیارەکەتاندا و بە شێوەیەکی کۆنکریت لەسەر دەستەواژەی شۆڕش ڕاوەستم. بێگومان لە ڕوانگە جیاجیاکانەوە بۆ دەستەواژەی شۆڕش لیستێکی درێژ ریز دەکرێت وەکو شۆڕشی ئیسلامی، شۆڕشی نەتەوەیی، شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی، شۆڕشی دژی دیکتاتۆری، شۆڕشی بەخشینەوەی دیموکراسی و پەرلەمانتاریزم ..و..هتد. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بە ناو شۆڕشانە تەنها پرۆسیسێکن بۆ دەستاودەست پێکردنی دەسەڵات لە نێوان باڵ و بزوتنەوە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازیدا بەبێ ئەوەی بنەما ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی سیستەمی ئێستا هیچ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەسەربێت. تەنها شۆڕشی کرێکاری سیستەمی سەرمایەداری لەڕیشەوە هەڵدەتەکێنی و کۆتاییدەهێنێت بە هەموو جۆرەکانی چەوسانەوە و دابەشبونی کۆمەڵگە بۆ چەوسێنەر و چەوساوە. ئەم شۆڕشە تەنها لە ڕێگای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکارەوە ئیمکانی جێبەجێ بوونی هەیە. ئەوەی لە مەفهومی مارکسیستی و کۆمۆنیستیدا بە "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" ناسراوە. ئەگەر لەم ڕوانگەیە بۆ شۆڕشەوە چاو لە بارودۆخی ئێستای کوردستان و ئەو دوو دەسەڵاتە بکەین کە ئێوە باستان کرد، ئیتر ڕۆشنە کە شۆڕش مانایەکی زۆر قوڵتر و هەمەلایەنەتر و بەرفراوانتری هەیە لە کۆتایهێنان بەم بارودۆخە و بەم دوو دەسەڵاتە. ئەمانە تەنها یەکەمین بەربەستەکانی بەردەم ڕەوتی بەسەرئەنجام گەیشتنی شۆڕشن و بەم مانایەش خودی کۆتایهێنان بەم هەلومەرج و دەسەڵاتانە هێشتا خۆبەخۆ ناکاتە شۆڕش و سەرکەوتنی شۆڕش.

ئەم شۆرشە زەمینە ماددی و بابەتیەکانی دەمێکە فەراهەم بووە، بەڵام پێویستی بە مەلزوماتی زاتی هەیە بۆئەوەی بە ئەنجام بگات. پێویستی بە ئاستێکی باڵا لە ڕێکخراوبونی جۆراوجۆری چینی کرێکار لە حزبی سیاسی و شێوەکانی تری ڕێکخرابوونی ئەم چینە هەیە لە ڕیزی سەربەخۆی چینایەتیدا. پێویستی بەوە هەیە کە ئاسۆی سیاسی سۆسیالیستی و ڕەخنەی سۆسیالیستی لە دنیای ئێستا پێگەیەکی بەهێزی لەناو چینی کرێکار و لە ئاستی کۆمەڵگەدا هەبێت. لەیەک ڕستەدا پێویستی بەوە هەیە کە چینی کرێکار بە بەدیلی خۆیەوە لە ڕووی سیاسی و ڕێکخراوەیی و تاکتیکی و پراتیکیەوە توانای ئەوەی پەیداکردبێت کە ڕۆڵی ڕابەری لە کۆمەڵگەدا بگێرێت و بتوانێ دەستبەرێت بۆ دەسەڵاتی سیاسی.

کاتێک لەم ڕوانگەیەوە چاو لە دۆخی ئێستا دەکەین بێگومان پێداویستیە زاتییەکانی ئەم شۆڕشە فەراهەم نییە. هەرکات ئەم پێداویستیانە فەراهەم بوو، شۆڕشی کرێکاری نابێ چاوەڕوانی هیچ پرۆسیسێکی درێژتر و هیچ قۆناغ بەندییەک بکات، دەبێ ڕاستەوخۆ دەست بۆ دەسەڵاتی سیاسی بەرێت و شۆڕشی خۆی دەست پێبکات. بەڵام تا کاتێک ئەو مەلزوماتانە فەراهەم نەبووبێت، چینی کرێکار و کۆمۆنیزم ناتوانێ لە ئاست هیچ دۆخ و هیچ ئاڵوگۆڕ و هیچ بزوتنەوە و کردەیەکی شۆڕشگیرانە و ئازادیخوازانە، یان ڕوو لەپێش و ڕوو لە دەستەبەربوونی بەشێک لە خواست و ئامانجە دەم و دەستەکانی چینی کرێکار و چەوساوەکان دەستەوئەژنۆ دانیشێت. نەک هەر ئەوە بەڵکو دەبێ لە هەموو ئەوانە ڕۆڵی پێشڕەوانە بگرێت و بەبارێکدا دەفعیان بکات کە دەرفەتی باشتر بۆ بەخۆداهاتنەوەی چینی کرێکار و قوڵبونەوەی خەباتی چینایەتی و ریزبەندی چینەکان و ڕەخساندنی هەلومەرج بۆ بردنەسەری ئامادەییە زاتیەکانی شۆڕشی کرێکاری پێکبهێنێت. بەم شێوەیە دەکرێت ئەم جۆرە ئەم بزوتنەوە و ئاڵوگۆڕانە بە کردەوە ببێتە بەشێک لە پرۆسیسی شۆڕشی کرێکاری. بۆ نمونە لە ئێستای کوردستاندا دوو دیاردەی سیاسی بەرچاو هەن، یەکەم بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بۆ سەپاندنی کۆمەڵێک ماف و خواستی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساوە. ئەمەیان بزووتنەوەیەکی واقعی و جەماوەرییە و لە دوو دەهەی ڕابردودا بە چەندین شێوە خۆی نیشانداوە و بە تایبەتی لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ەوە پێی ناوەتە ئاستێکی بەرزەوە. هەندێجار پێشڕەوی دەکات و پەرەدەسەنێ و دەسەڵات دەخاتە ژێرگوشارێکی توندەوە و هەند ێجار پاشەکشە دەکات. دوەم/ خواست و مەیل و ئیرادەیەکی فراوانی جەماوەری بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ستەمکاری ئێستا. ئەمەی دوەمیان هێشتا وەکو بزووتنەوەیەکی واقعی و مادی خۆی نەنواندوە و تەنانەت مەلزوماتەکانی بەرێکەوتنی بزوتنەوەیەکی وەها نە لە ڕوی ئاسۆی سیاسی و نە لەڕووی ڕێکخراوەیی و عەمەلی شۆڕشگیرانەوە نەکەوتوەتە دەستورەوە. بۆیە هێشتا ئەم مەیل و خواست و ئارەزووە لەلایەن باڵەکانی تری بورژوازیەوە ئاراستە دەکرێت بۆ گۆڕینی دەموچاوەکان و جۆرێکی تر لە دەسەڵاتدارێتی بورژوازی کورد. بە بڕوای من بزوتنەوەی ناڕەزایەتی ئەستەمە بتوانێ ئاڵوگۆڕێکی وەها پێکبهێنێت کە ئەو خواستانە و پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی جەماوەری ستەمدیدە بە شێوەیەکی پایەدار مسۆگەربکات. ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییە هەتا ئەگەر ڕۆژگارێک هەنگاوێکیش پاشەکشە بکات و مل بە چەند داخوازیەک بدات، بەپێی ئەو دۆخ و ئەو گێژاوەی کوردستانی داگرتووە، کە تەنانەت لە ئاست ڕەخساندنی هەلومەرج بۆ شکڵگرتنی دینامیزمێکی ئابوری سەرمایەداری نۆرماڵ و پایەداریش داماوە و زۆرتر لەسەر تاڵان و بڕۆ ڕاوەستاوە، لەهەر بەهانەیەک بە ئاسانی کەڵک وەردەگرێت و دیسانەوە پەلاماری هەرە سەرەتایترین ماف و پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دەداتەوە. بۆیە ڕێگای گونجاو هەتا بۆ دەستەبەربوون و پایەداربونی داخوازیە ئابوری و سیاسیەکانی جەماوەری ستەمدیدە، کۆتاییهێنانە بەم دەسەڵاتە و بەم دۆخەی دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە ناسیۆنالیستەکان سەپاندویەتی. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری ئێستا لە ئاسۆ و مەیلی کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی ئەم حزبانە موتوربە بکرێت و ئەم دوو دیاردەیە یەکانگیر بکرێن. دەبێ دەسەڵاتی ئێستا وەلابنرێ و لە جێگایدا دەسەڵاتێکی پشبەستوو بە ئیرادەی خەڵک دامەزرێ. کە لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشو دەربارەی هەڵبژاردن ئەمەم ڕونکردوەتەوە و دوبارەی ناکەمەوە.

ئەوەی دەمەوێ وەکو ئەنجامگیری ئەم باسە جەختی لێ بکەم و وەکو ئەڵێن خاڵ بخەمەسەر پیتەکان، ئەوەیە کە ئەگەر ئەم یەکانگیربونەی ئەم دوو دیاردە سیاسیەش ڕوویدات، واتە شکڵگرتنی بزوتنەوەیەکی جەماوەری و شۆڕشگێرانە بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵات و دۆخی سیاسی ئێستا و ئەم بزوتنەوەیەش بە سەرکەوتن بگات، هێشتا ئەگەر بمانەوێت بە تەواوی دیقەت بکەین لە دەستەواژەی شۆڕش، ئەمە هێشتا بە سەرئەنجام گەیشتنی شۆڕش نییە بەو مانایەی وتمان تەنها شۆرش لە دنیای هاوچەرخدا شۆڕشی کریکارییە بۆ گۆڕینی ژێربینای ئابوری سەرمایەداری و هەر بەم مانایەش شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیە، بەڵام شکڵگرتن و سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەی کۆتایهێنانە بە دەسەڵاتی ئێستا بە ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەوە دەتوانێ دەرگا بەڕووی خێراکردنەوەی ڕەوتی شۆڕشی کرێکاری بکاتەوە و زەمینەی ئەوە برەخسێنێت کە چینی کرێکار بە خێرایی ئامادە زاتیەکانی بەرێتە سەرەوە. لەم حاڵەدا بە کردەوە شۆڕش بەو مانایەی وتمان، دەکاتە بەردەوامیدان بەم ڕەوەندە شۆڕشگێڕانەیەی کە لە یەکەم هەنگاویدا دەسەڵاتی ئێستای حزبە ناسیۆنالیستەکان هەڵدەپێچێ. ئەوکات ئیتر بۆ بەشێک لە پێکهاتەی ئەم بزوتنەوەیە سەرکەوتن لە کۆتایهێنان بەم دەسەڵاتە و بەدیهاتنی ئامانجە دەمودەستەکانی، دوامەنزڵی شۆڕشە. تەنانەت بەشێک لە پێکهاتەی ئەم بزوتنەوەیە لەم بڕگەیە بترازێ ئیتر دەکەوێتە بەرامبەر ڕەوتی قوڵکردنەوەو بەردەوامی دان بەم ڕەوەندە شۆڕشگێڕانەیە. لە کاتێکدا بۆ پرۆلیتاریا و جەماوەرێکی فراوانی ستەمدیدە و زەحمەتکێش، بەسەرکەوتن گەیشتنی بزوتنەوەی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و بەدیهاتنی ئامانجەکانی، تازە سەرەتای کارە و لە ڕوانگەی بەرژەوەندی ئەوانەوە دەبێ ڕەوتی شۆڕشگێڕانە بەردەوامی پەیدابکات بەرەو ئەنجامدانی شۆڕشی کرێکاری. مارکس بەم پرۆسیسەی وتوە (شۆڕشی بەردەوام).

دەربارەی ئەوەی کە لە ئێستادا هیچ دەوڵەت ودەسەڵاتێکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی لە کوردستان نییە، من بۆچونێکی جیاوازم هەیە. دەسەڵات و دامودەزگا دەوڵەتیەکانی ئێستای کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانیان پێدانراوە و هەولێری پایتەختی ئەم دەسەڵاتە لایەکی سەفارەت و قونسولخانەی دەوڵەتانی دنیایە کە دانیان بە حکومەتی هەرێمدا ناوە و مامەڵەی دەسەڵاتێکی بەفەرمی ناسراوی لەگەڵ دەکەن. ئیتر کوردستان لەسەردەمی بەر لە ٢٠٠٣ و ڕۆژگاری حاکمیەتی بەعس لە عێراق نییە. هەرچەندە من وا نازانم کە مەسەلەی دانپێدانان لە هەردووبارەکەیدا کاریگەریەکی لەسەر ئەنجامدانی شۆڕش یان بە مانا دەقیقەکەی بزوتنەوەی هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە هەبێت. بەڵام ئەوەی کە ئێوە وتتان دامودەزگا بە ناو حکومیەکان لە ڕاستیدا دامودەزگای کارتۆنین بۆ دەسەڵاێکی میلیشیایی، واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگرە. لە ڕاستیدا ئەو دۆخەی کوردستانی لە گێژاودا ڕاگرتوە دوو هۆکاری سەرەکی هەیە؛ یەکەم وەکو ئێوە باستان کرد دەسەڵاتێکی میلیشیاییە کە پابەندی هیچ نۆرم و یاساوڕێسایەکی مەدەنی نییە. دووەم سەرەگێژەی فیدراڵیزمی قەومی، کە لەلایەکەوە کوردستان زیاتر لەچارەکە سەدەیەکە بەکردەوە لە عێراق جیایە و لەلایەکی ترەوە لە قاڵبی فیدراڵیزمێکی شکستخواردوی کۆنەپەرستانەدا خراوەتە ناو پەیوەندیەکەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی عێراق. ئەم قاڵبە فیدراڵیە لەبنەڕەتدا ئارایشێکە بۆ شەریککردنەوەی ناسیۆنالیزم و بورژوازی کورد لە سامان و داهات و دەسەڵاتی سیاسی. بەڵام هۆکاری دەریایەک دەردەسەرییە بۆ خەڵکی کوردستان. ڕێگاچارەی ئەم گێژاوە پیادەکردنی بڕیاری ڕیفراندۆمی کوردستانە، کە بەدەر لەوەی چ لایەک و بۆ چ ئامانجێک بەرپای کرد، خەڵکی کوردستان بە فراوانی بەشداریان تیادا کرد و بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز دەنگیان دا بە جیابونەوە.

دەربارەی ئەوەی کە لە کوردستان دۆخێکی نانۆرماڵ هەیە و جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیانەی دەسەڵاتێکی دەوڵەتی موتەمەرکزیان تێدایە و ڕوخاندنی ئەو دامودەزگایانە یەکسانە بە ڕوخاندنی دەوڵەت. لە ڕاستیدا ئەمە مەسەلە ئاڵۆز و پرۆبلۆماتیکەکەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتە لە کوردستان. ئەم دەسەڵاتە دابەشبوە بۆ دەسەڵاتی ناوچەیی دوو حزبی ناسیۆنالیست و شەریکە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانی تریان، ئەمە پرۆسەی وەلانی دەسەڵاتی لە کوردستاندا ئاڵۆزکردوە. ڕەنگە لەڕوی عەمەلیەوە لە پێشدا لە ناوچەیەکی دیاریکراو یان هەتا لە یەک شاردا ئەم حزبانە لە دەسەڵات بخرێن. بەڵام ئەگەر ئەمە لە ناوچەیەک ڕوبدات بەخێرایی دەسەڵاتی بورژوازی کورد لە ناوچەکانی تریش دوچاری ئەزمەیەکی خنکێنەر دەکات و زەمینە بۆ دوبارەکردنەوەی هەمان کردەی شۆڕشگێڕانە لە ناوچەکانی تریش بەخێرایی دەڕەخسێت.

سیناریۆی شکڵگرتن و بەسەرکەوتن گەیشتنی ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیە سەختە لە پێشەوە پێشبینی بکرێت، بەڵام بۆ ڕوون بوونەوەی مەبەست و نیشاندانی نمونەیەک، من دەتوانم ئاماژە بە دوپات بوونەوەی ١٧ی شوباتێک بکەم لە ساڵی ٢٠١٩ یان ٢٠٢٠ یان....بەو جیاوازیەوە کە لە جیاتی ئاسۆی سیاسی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی ئاسۆیەکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگیرانە بەسەریدا باڵی کێشابێت. لە جیاتی ئەوەی ڕابەریەکەی بەدەست بزوتنەوەی گۆڕان و ئیسلامیەکانەوە بێت و بیکەن بە بابەتی سات و سەودا بۆ مەرامەکانی خۆیان، ڕابەریەکی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستی هەبێت و چینی کرێکار ڕۆڵی گرنگ و پێشڕەوانەی تیادا بگێڕێت. لە جیاتی ئەوەی لە چەند مەیدانی چەند شاردا قەتیس بخوات، کارگە و گەڕەک و زانکۆ و قوتابخانە و فەرمانگاکان بکاتە مەیدانی خۆی. وە لە جیاتی ئەوەی جەماوەر لە دەوری ئەنجومەنی مەیدانەکان بە شێوەیەکی بێسەرەوبەرە کۆبنەوە، لە دەوری شورا و یەکێتی و ڕێکخراوە جەماوەریە

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ڕادیکاڵەکانی خۆیان لەگەڕەک و مەیدانەکانی کار ڕێکخراوبن...و...دەتوانێ ئامانجەکانی بزوتنەوەیەکی وا مسۆگەربکات تەنانەت ئەگەر لە یەک زۆن یان لەیەک ناوچەی کوردستانیشدا بێت، دەبێتە هەوێنی ئەوەی لە ئاستی سەراسەیشدا بە ئەنجام بگات. دوبارەی... دەکەمەوە ئەمە پێشبینی نییە، تەنها نمونەیەکە بۆ ڕۆشنکردنەوەی سیناریۆی هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە لە دۆخی ئاڵۆزکاوی کوردستاندا.

**بۆپێشەوە: بوونی کونسوڵخانەی وڵاتانی ناوچەکە لەکوردستان، و داننانی وڵاتان و ناوەندە نێودەوڵەتیەکان بە دەسەڵاتی هەرێم، لەچوارچێوەی بەفەرمی ناسینی فیدرالیزمی قەومی و یەکپارچەیی عێراقدایە، نەک داننان بە قەوارەیەکی جیا یان مامەڵەکردنی وەکو قەوارەیەکی دەوڵەتی، ئەمە لایەک و لەلایەکی تریشەوە، ئەم دۆخە پەیوەندی بەهاوسەنگی نێوان دەسەڵاتی ناوەند و هەرێمەوە هەیە، هەمیشە ئاڵوگۆر بەپێی گۆڕانی هاوسەنگی هێزی هەردوولا دەگۆڕێت... لە واقعیەتێکی ئاوادا، شۆڕش لەکوردستان، هەم ڕووبەڕووە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و هەمیش لەکوردستان، لەگەڵ دوودەسەڵاتی چەکدار بەرەو ڕووە. ئەمە چ تایبەتمەندیەک بەشۆڕش دەبەخشێت لەکوردستاندا؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** بێگومان تایبەتمەندیەکی زۆری دەبەخشێت بە چۆنیەتی کۆتایهێنانی شۆڕشگێڕانە بەم دەسەڵاتە. لە دۆخێکی وادا زۆر ئەستەمە ئەو سیناریۆیانەی کە لە وڵاتانی تردا و لە دۆخێکی نۆرماڵدا شۆڕشەکان نمایشی دەکەن لە کوردستانی ئێستادا ببنە سیناریۆی شۆڕش. بۆ ڕۆشن بوونەوەی مەبەست، دەکرێت ئاماژە بۆ شۆڕشی ١٩٧٩ ئێران یان شۆڕشەکانی ئەم دواییانەی میسر و تونس بکەین، لە کاتێکدا دەسەڵات لە مەرکەزدا بەچۆکدادێت ئیتر لە ئاستی سەراسەریدا دەروخێت. دەتوانم بە دڵنیایەوە بڵێم لەم دۆخەی ئێستای کوردستاندا دوپاتبوونەوەی ئەوجۆرە سیناریۆیانە زۆر ئەستەمە.

دواتر دێمەوە سەر ئەم باسە بەڵام بەرلەوە با کەمێک ڕۆشنایی بخەینەسەر خودی دۆخەکە و سەرنجەکانی ئێوە. ئەوانەی باستان کرد دەربارەی ئەوەی کە دەسەڵاتی هەرێم لە چوارچێوەی فیدرالیزمی قەوی وەکو پارچەیەک لە عێراق بەڕەسمی ناسراوە نەک قەوارەیەکی جیا، دروستە. بەڵام هەر ئەمە خۆی مانای ئەوەیە لە هەر فۆرم و قەوارەیەکدا بێت بەڕەسمی ناسراوە. ئیتر وەکو دۆخی بەر لەڕوخانی دەسەڵاتی بەعس نەماوە کە نە بۆخۆی قەوارەیەکی دەوڵەتی جیاواز بوو نە بەکردەوە بەشێک بوو لە هیچ وڵات و دەوڵەتێکی بەڕەسمی ناسراو. هەر لەسەر ئەم بناغەیەش دەوڵەتانی دنیا وەکو هەرێمێکی بەڕەسمی ناسراوی عێراق مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. هەموو ئەوراقێکی ڕەسمی ئەم هەرێمە لە هەموو جێگایەکی دنیادا بە ئەندازەی ئەوراقێکی عێراقی بەڕەسمی دەناسرێت. ئەودوای کێشەکە کە ئێوە بە دروست باستان کرد، زادەی فیدراڵیزمی قەومیە نەک بەڕەسمی ناسین یان نەناسین. کاتێک باسی فیدراڵیزمی قەومی لە کوردستانی عێراق وەکو ئامانجێکی ناسیۆنالیزمی کورد بۆ شەریکبوونەوە لە دەسەڵات و داهاتی عێراق هاتەگۆڕێ، کۆمۆنیزمی کرێکاری زۆر بە ڕۆشنی ئەم دۆخەی ئێستای پێشبینی کرد و لەمبارەیەوە بە توندی دژی ئەم فیدرالیزمە ڕاوەستا و هۆشداری دایە خەڵکی کوردستان دەربارەی ئەوەی کە فیدراڵیزم ڕێگاچارەیەک نییە بۆ کێشەی کورد، بەڵکو فۆرمێکە بۆ شەریکبونەوەی بورژوازی کورد لە داهات و دەسەڵات، لە هەمانکاتدا ئەلگۆیەکە بۆ ئەبەدیەتدان بە شەڕ و کێشەی نەبڕاوەی قەومی. چەندین ساڵە خەڵکی کوردستان نوقمی ئەو بێدەرەتانیەن کە کۆمۆنیزمی کرێکاری هۆشداری لەبارەیەوە دابوو. بەوپێیەی فیدراڵیزم ئەلگۆیەکە بۆ شەریکبونەوەی بورژوازی کورد لە دەسەڵات و داهات، بێگومان هیچ نموزەجێکی ئەم شەراکەت و دابەشکاریە ناتوانێ نوسخەیەکی ئەبەدی و تاسەر پەسەندی هەردوو بورژوازی مەرکەزی و بورژوازی محەلی کوردستان بێت. لەهەر هەلومەرجێکدا دروست وەکو ئەوەی ئێوە باستان کرد هاوسەنگی هێزی نێوانیان دەیبڕێتەوە دابەشکاریەکە چۆن بێت. هەر ڕۆژێک هەرلایەکیان هێزی زیاتری هەبێت هەوڵدەدات بەشی خۆی زیاتر و بەشی بەرامبەرەکەی کەمتر بکاتەوە.

با بۆیەکجار ئەم حوکمە سیاسیە لەگەڵ واقعیەتی ١٥ ساڵی ڕابردو بەراورد بکەین و بزانین چەندە پێشبینیەکانی کۆمۆنیزمی کریکاری دروستە. لە دوای ٢٠٠٣ کە ڕژێمی بەعس ڕوخا، بورژوازی کورد کە ئەوکات ١٢ ساڵ بوو حوکمڕانی کوردستانی دەکرد و بە تاڵان و بڕۆ ئابوریەکی بەهێزی بۆ خۆی کەڵەکە کردبوو، هێزێکی چەکداری لە هەموو لایەنە عێراقیەکان بەهێزتری بەدەستەوە بوو، تارادەیەکی زۆر لە ناوخۆیدا یەکدەست بوو... توانی فیدرالیزمی قەومی بە بورژوازی مەرکەزی بقەبڵێنێ و لە دەستوردا ڕەسمیەتی پێبدات و لە بەندێکی دەستوریشدا پرۆسیسێک بۆ گێڕانەوەی "ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان" بگونجێنێ. بەڵام دەسەڵاتی مەرکەزی تەنها بۆ بەدەستهێنانی فرسەتی خۆکۆکردنەوە، لەپەیوەند بە چارەنوسی ئەم ناوچانەوە هەندێک هەنگاوی لاوەکی وەکو یاری سیاسی لەگەڵ بورژوازی کورد هەڵگرت بەبێ ئەوەی هیچ کات مل بە پیادەکردنی بەندی ١٤٠ی دەستور بدات. دوای ئەوەی کەمێک خۆی گرتەوە ئیتر تا ٢٠١٤ و هاتنەناوەوەی داعش، لە بارەی بەندی ١٤٠ تەنها ئەوەی بۆ بورژوازی کورد هێشتەوە کە بڵێن (ئەم نانە بەو ڕۆنە). لە ٢٠١٤ بە پەلاماری بروسکە ئاسای داعش سوپای حکومەتی مەرکەزی لە شار و پارێزگاکانی موسڵ و ڕومادی و تکریت و کەرکوک..و..دوچاری شکستێکی گەورەبووەوە. بورژوازی کورد کەڵکی لەم شکستە و تەنانەت ڕۆڵ پەیداکردنی هێزێکی بەربەری وەکو داعش وەرگرت و ناوچەگەلێک کە لە نێوان دەسەڵاتی مەرکەزی و هەرێمی کوردستاندا ناکۆکی لەسەر بوو، خستەژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی خۆیەوە. بەم جۆرە ئاستی چاوەڕوانی لە بەشە داهات و دەسەڵات چووە ئاستێکی زۆر زیاتر لەوەی پێشتر لە چوارچێوەی فیدرالیزمی قەومیدا دیاریکرابوو. نەوتی کوردستان و ئەوناوچانەشی بۆ خۆی بەتاڵان دەبرد و دەیگوت لەوەی ژێردەستی حکومەتی مەرکەزیش شەریکم. هەرچەندە حکومەتی مەرکەزی نەچوە ژێر ئەم داوایە و بودجەی هەرێمی بڕی، بەڵام ئەم دۆخە لەنگەر نەگرتووە بەردەوام بوو تا جارێکی تر حکومەتی مەرکەزی کەڵکی لە شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی وەرگرت بۆ ڕاماڵینی داعش و گێڕانەوە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی داعش بۆ ژێردەسەڵاتی خۆی. لەم نێوەدا بە تایبەتی شەڕی موسڵ زۆر کاریگەر و چارەنوسسازبوو. ئەم جەنگە دیسان هاوسەنگی هێزی بە قازانجی حکومەتی مەرکەزی گۆڕی، لە هەناوی ئەم جەنگەدا حکومەتی مەرکەزی توانی هێزێکی زەبەلاح و پڕچەک و ئامۆژشدیدە دامەزرێنێ کە پێکهاتبوو لە سوپاو چەندین میلیشیایی گەورە. هاوکات دۆخی ناوچەکە و دەخاڵەتی هێزە جیهانی و ئەقلیمیەکانیش بە قازانجی بە خۆداهاتنەوەی حکومەتی ناوەندی و چۆڵبونی پشتی بورژوازی کورد ئاراستەیان گرت. هاوسەنگی تازە بورژوازی کوردی خستە بەردەم دوڕیانێک یان دەبوو هەنگاوێکی تازە بۆپێشەوە هەڵگرێت بە ئاراستەی سەربەخۆیی، یان دەبوو چاوەڕوانی ئەوەبێت کە دوای شەڕی داعش حکومەتی مەرکەزی نەک هەر هەموو ئەو ناوچانەی لێ وەرگرێتەوە کە لە کاتی هاتنەناوەوەی داعش دەستی بەسەردا گرتوون، بگرە فیدراڵیزمە قەومیەکەشی کلکوگوێ بکات. لەم کاتەدا بارزانی وەکو خاوەنی سەرەکی و ستراتیژیستی سەرەکی بورژوازی کورد چووە پای بەرپاکردنی ریفراندۆم و بانگەشەی جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. بێگومان ریفراندۆم هەنگاوێکی ستراتیژی گەورە و بە هەمان ئەندازەش تەحەدییەکی گەورە و تێپەڕین بوو بەناو ڕچەڕییەکی پڕ لە کۆسپ و تەگەرەدا. ئەو هۆکارانەی ئەم هەنگاوەیان دوچاری شکست کرد، بەشێکی پشتتێکردنی دۆستە ئەقلیمی و جیهانیەکانی بارزانی و بورژوازی کورد بوو، بەشێکیشی دروستبوونی درز و کەلێنێکی گەورەبوو لە ناوخۆی بورژوازی کورددا. شکڵگرتنی بەرەیەکی "نا بۆ ڕیفراندۆم" لەلایەن بەشێک لە بورژوازی کورد و دودوڵی و ڕاڕاییەکی گەورەی بەشێکی دیکەی بورژوازی کورد و دەست تیکەڵکردنی ڕاستەوخۆی بەشێکیش لەگەڵ حکومەتی مەرکەز و حەشدی شەعبی، دەروازەیەکی باشیان بۆ بورژوازی مەرکەزی کردوە بۆ بەشکستکێشانی ریفراندۆم. پاش ئەمەش هاوسەنگیەکی تازە لە نێوان هەردو بورژوازی کورد و مەرکەزی هاتە ئاراوە و لەم هاوسەنگیە تازەیەدا نە تەنیا ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بەڵکو ئەو فیدرالیزمەی لە هاوسەنگی دوای ٢٠٠٥دا شکڵی گرتبوو، بە تەواوی کلک وگوێ کرا. تا ئێستاش هەر ڕەوتی پاشەکشەی بورژوازی کورد ڕانەوەستاوە و نازانرێت لە کوێ بۆ جارێکی تر و بۆ برگەیەکی تر هاوسەنگیەکە لەنگەردەگرێتەوە.

دەربارەی ئەوەی کە وتتان "لە واقعیەتێکی ئاوادا، شۆڕش لەکوردستان، هاوکات ڕووبەڕووە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی" واتە چۆن کاری خۆی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق یەکلادەکاتەوە؟ پێش هەرشتێک پێویستە ئەوە ڕوون بێت کە یەکلاکردنەوەی تەکلیف لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی نەبەستراوە بە شۆڕشەوە، تەنانەت بەبێ ڕوخاندنی دەسەڵاتی میلیشیایش ئەکرێت بە پیادەکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ و جیابونەوە و پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ ئەم تەکیلفە یەکلابێتەوە. ئەگەر ئەم مەسەلەیە هەر بەم جۆرە بمێنێتەوە تا کاتێک ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە ڕودەدات، ئەوکات وەڵامی ئەمە پەیوەستە بەو هەلومەرجەی کە ئاڵوگۆڕەکەی تیادا بەرپادەبێت. ئەگەر شۆڕش لە کوردستان بەشێک بێت لە شۆڕشێکی سەرتاسەری لە عێراقدا، وەڵامەکە جیاوازی دەبێت لەگەڵ ئەوەی کە شۆڕش تەنها لە چوارچێوەی کوردستاندا بڕواتە پێشەوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەکرێت بڵێین لە هەناوی عێراقێکی دەستخۆشی شۆڕشگێڕانەدا خەڵکی کوردستان دەرفەتی ئەوەیان دەبێت هەڵبژاردنێکی جیاواز لە جیابونەوە بکەن. بەڵام تا کاتێک دەسەڵاتی ناوەندی عێراق دەسەڵاتێکی کۆنەپەرستانەی قەومی و مەزهەبی بێت، بە ناچاری کوردستان تەنها ڕێگای جیابونەوەی لەبەردەم دەمێنێ. بە تایبەتی ئەگەر ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە تەنها لە کوردستاندا ڕوویدات، ئەوە یەکێک لە مەرجەکانی چوونەپێشی بەم ئاقارەدا تورهەڵدانی فیدرالیزم و دابڕانی یەکجاریەتی لە عێراقێکی قەومی ومەزهەبی.

ئێستا بابێینەسەر ئەوەی دۆخی ئێستای کوردستان و بەرەورووبون لەگەڵ دوو دەسەڵاتی میلیشییایی لە دوو زۆن چ تایبەتمەندیەک دەدات بە ڕەوتی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە. بە بڕوای من ئەمە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز دەبێت و ستراتیژێکی زۆر تایبەتی پێویستە بۆ چوونەپێشی ئەم ڕەوەندە. بێگومان سیناریۆی کارساز و خێراو کەم دەردەسەری ئەوەیە کە بزوتنەوەی نارەزایەتی ئێستا متوربە بکرێت لە ئاسۆیەکی سیاسی بۆ وەلانانی دەسەڵاتی میلیشیایی و گەندەڵی ئێستا. هەروەها چوونەپێشی ئەم بزووتنەوەیە وەکو بزوتنەوەیەکی یەکپارچە و سەراسەری لە هەردوو زۆنی ئەم دوو دەسەڵاتەدا. بەڵام ڕەنگە لەدنیای واقعدا ئەمە تەنها وەکو ئارەزوو ئاوات و سیناریۆیەکی کارا و کارساز بمێنێتەوە و هەرگیز بەکردەوە تەحقیق نەبێت. زۆر فاکتۆر و هۆکاری ورد و درشت هەن کە دەبنە هۆی ئەوەی ئەم بزوتنەوەیە بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ لە هەردوو ناوچەکەدا لە ئاست و ڕێچکەی جیاوازدا بڕۆنە پێش و هەڵبەزودابەزی بە تەواوی جیاواز لە یەکتری بکەن. لەم کاتەدا هەر ستراتیژێک کە یەکلایەنە پشتی بەوە بەستبێت ئەم بزوتنەوەیە لە ئاستی سەراسەریدا لەیەک کاتدا بە سەرکەوتن بگەیەنی، نەک تەنیا ئەستەمە بگرە دەتوانێ زۆر دەستوپێ گیرو ببێتە کۆسپ لەبەردەم ڕەوتی واقعی سەرکەوتنیدا. چونکە بەدەر لە ئیرادەی هیچ کەس و هیچ هێزێک گەلێک هۆکار لە بابەتی: تایبەتمەندی هەریەک لە دوو دەسەڵاتە ناوچەییەکە و دوو هێزی باڵادەست، بزووتنەوە و مەیلە فکری و سیاسی و کۆمەڵاتیەکانی هەردوو ناوچەکە، جیاوازی هاوسەنگی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن بە ڕاست و چەپیەوە، پشتوپەنا ناوچەیی و جیهانیەکان و دابەشبوونی هەردوو دەسەڵات بەسەر دوو بلۆکی جیهانی جیاوازدا، ئاستی خەباتی چینایەتی و پێشینەی ئەم خەبات و کێشمەکێشە لەم دوو ناوچەیە، تەنانەت ئاستی ڕۆشنبیری سیاسی و دۆخی ئابوری و کاریگەری بازرگانی و ولاتانی دەوربەرو..زۆر فاکتۆری تر، دوو واقعی جیاوازی دروستکردوە بۆ بزووتنەوەیەک کە بیەوێ ئەم دوو دەسەڵاتە لەکاربخات. بۆیە دەڵێم پێداگری یەکلایەنە لەسەر سەراسەری بوونەوەی ئەم بزوتنەوەیە و گرێدانی بە یەک ستراتیژیەوە، نە تەنیا کۆمەک ناکات بە خێراکردنەوەی ڕەوتی کۆتایهێنان بەم دەسەڵاتە، بەڵکو ڕێگە لەو پێشڕەویانە دەبەستێت کە ڕەنگە بکرێت لەهەر یەک لەوناوچانە بە شێوەی ناهاوسەنگ و جیاواز بڕواتەپێش و ببێتە ئەلگۆیەکیش بۆ ناوچەکەی تر کە چاوی لێبکرێت و دوپات بکرێتەوە.

گومان لەوە نییە کە ئەمە ستراتیژێکی ئاڵۆز و لە هەمانکاتدا کەم وێنەیە، هەر بەوپێیەی دۆخەکەی کوردستانیش ئاڵۆز و کەم وێنەیە. بەڵام سەرباری ئاڵۆزی من وا دەزانم پێشڕەوی ناوچەیی بۆ هەڵپێچانی دەسەڵاتی میلیشیایی لە هەر ناوچە و تەنانەت هەر شارێکدا، ستراتیژێکی کاراتر و واقعی تر و مومکین ترە لە چاوەڕوان مانەوە بە دیار سەراسەری بونەوەی ئەم بزوتنەوەیە و پێشڕەوی هاوسەنگ لە ئاستی سەراسەریدا. بیهێننە بەرچاو سەردەمێک کوردستان بەواقعی دابەشکرابوو بۆ چوارزۆن لەژێرسایەی چوار دەسەڵاتی ناوچەییدا؛ دهۆک و ناوچەکانی دەوروبەری و ناوچەکانی باکور و ڕۆژئاوای هەولێر زۆنی زەردی پارتی بوو، سلێمانی و پشدەر و گەرمیان زۆنی سەوزی یەکێتی بوو، هەڵەبجە و هەورامان زۆنی ڕەشی ئیسلامی بوو، تا ماوەیەکی زۆر هەولێر ئەگەر بەپێی ڕەنگەکان ناوی بۆ دابنێین دەبێ بڵێین زۆنی باینجانی دەسەڵاتی هاوبەشی هەموویان بوو. هەریەک لەم ناوچانە حکومەت و یاسا و ڕێسا و دەزگای سەرکوت و زیندان و ...و...هەلومەرجێکی تایبەتی بە خۆی هەبوو. من دەڵێم بۆ ناکرێت بۆ نمونە ئەگەر بزوتنەوەی نارەزایەتی و مەیلی کۆتایهێنان بەم دەسەڵاتە لە شاری سلێمانیدا بەهێزترە و هێزهاوسەنگی بۆ پێشڕەوی بزوتنەوەی لەکارخستنی ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییە گونجاوترە، لە یەکەمین هەنگاودا دەسەڵاتی میلیشیایی لەم شارە کۆتایی بهێنێت و دەسەڵاتێکی دیکەی پشتبەستوو بە ئیرادە و بەشداری ڕاستەوخۆی ئۆرگانە جەماوەرییەکان لەوێ دامەزرێت؟

بە بڕوای من ئەمە سیناریۆ و ستراتیژێکی زۆر عەمەلی و واقعی ترە بۆ دۆخی ئێستای کوردستان تا گرێدانەوەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بەوەی بزوتنەوەیەکی بەم جۆرە لە ئاستی سەراسەریدا لەیەک ساتدا ئەم توانایە پەیدابکات. ئەمە بەڵگەیەک نییە بۆ فەرامۆشکردنی هیچ هەوڵێک بەئاراستەی پەرەگرتنی ئەم بزوتنەوەیە لە ئاستی سەراسەریدا، بەڵکو پێداگریە لەوەی کە نابێ سەراسەری بوونەوە ببێتە پێشمەرج. دروست ئەوەیە هەرکات لەهەر ناوچەیەکدا دەرفەت برەخسێ، ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییە لەکاربخرێت و لە جێگایدا دەسەڵاتێکی پشتبەستوو بە ئیرادەی خەڵک بەرپابکرێت. بۆ ئەمە مەرج نییە هەتا چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە ئەم ئاڵوگۆڕە لە ئاستی سەرجەم ناوچەکانی یەک زۆنیشدا ڕوبدات، تەنانەت لە ئاستی یەک شار یان یەک ناوچە و تەنانەت

بۆ لاپەرە ١١

# دیمانە لەگەڵ ئاسۆ کەمال... سەبارەت بە تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر بە پرسی ریفراندۆمدا

## بەشی یەکەم



**بۆپێشەوە: ٢٥ سێبتەمبەر ساڵێک بەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆمدا تێپەربوو، دوای ساڵێک بەسەر ریفراندۆمدا دەڵێن چی؟**

**ئاسۆکمال:** پێویستە لەم تەجروبەیەوە چەند شتێک فێربین. گرنگترینیان بەڕای من ئەمانەن؛

یەکەم؛ یەکێتی و پارتی کە ستراتیژی سەربەخۆییان نییە، رفراندۆمیان وەک وەسیلەیەک بەکارهێنا بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی دوای هاتنی داعش و لەسەرو هەموشیانەوە کۆنترۆڵی کەرکوک. بەڵام لەبەر بەرژەوەندی سیاسی جیاوازی باڵی دەستڕۆشتوی یەکێتی ئەنجامی رفراندۆم کرایە بیانو بۆ تەسلیمکردنی کەرکوک بە ئێران و حکومەتی شیعە. یەکێتی و پارتی وازیان لە ئەنجامی رفراندۆم هێنا و دۆخی کوردستانیان گەڕاندەوە بۆ پێش ڕوخانی بەعس و گەڕانەوە ناو حکومەتی عێراق بۆ پاراستنی بەشە دەسەڵات و داهاتەکانیان. ئەمە دەیسەلمێنێ کە دۆخ و چارەنوسی کوردستان بەدەست یەکێتی و پارتیەوە هەمیشە قابیلی سازش و فرۆشتنە ئەگەر هەرلایەک لەم دوو حزبە دەسەڵاتدارە قازانجی سیاسی لەم مامەڵەیەدا بێت. بەستنەوەی رفراندۆم و ئاکامەکەی بە بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری یەکێتی و پارتیەوە و بەتایبەت پاراستنی کۆنترۆڵیان بەسەر چاڵە نەوتەکانی کەرکوکدا و مانەوەی ئەم دوو حزبە لە ژێرسایەی سیاسەتی ئێران و تورکیا لەعێراقدا، ئەمانە هەمویان فاکتەری بەلاڕێدابردنی خواستی سەربەخۆیی و سەرکەوتنی ئەم خواستەن. هەر ڕەزامەندیەکی ئەم دو حزبە لەسەر رفراندوم دەخاتە ژێر ڕەحمەتی ساتوسەودای ئەم دوو هێزەوە بەم خواستەی خەڵکی کوردستان. هەربۆیە هیچ دۆخ و ئایندەیەک و "دەستکەوتێک" نییە کە جێگیر بێ و زەمانەتی هەبێ و قابیلی ساتوسەودا نەبێ لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و ئێران و تورکیادا.

دووەم؛ رفراندۆم نیشانیدا کە خەڵکی کوردستان بەردەوامن لەسەر داوای سەربەخۆیی لە عێراق و ئەمە تەجروبەی سەدەیەک لە شەڕو کێشەی قەومیە لەگەڵ دەوڵەتە شۆڤێنیستیە عەرەبیەکانی عێراقدا. ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی چیتر پێوسیتی بە رفراندۆم نیە، بەڵام ئەم خواستە لەلایەن هێز و بزوتنەوەیەکی سیاسیەوە بەدەست دێت کە بتوانێت پێشتر چارەنوسی کوردستان لە دەست یەکێتی و پارتی دەربهێنێ. بەبێ بوونی هێزی سەربازی و دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری ناتوانرێ نەخشەی سەربەخۆیی جێبەجێ بکرێ و توانای بەرەنگاربونەوەی هێرش و فشارێکی حکومەتی عێراق هەبێ. لەئێستادا ئەم بزوتنەوەو هێزە سیاسیە لە نێو حزبە ناسیونالیست و ئیسلامیەکان و ریفۆرمیستەکانی بورژوازی کوردا پەیدا نابێ و ئەوە بزوتنەوە و حزبی کرێکاریە کە لە یەکلاکردنەوەی ململانێی دەسەڵات لەگەڵ بورژوازیدا دەتوانێ ئەم داوای سەربەخۆییەش وەک یەکێک لە تاکتیک و سیاسەتەکانی بەرێتەپێش و بزوتنەوەیەکی جەماوەری بۆ بەڕێ بخا.

سێهەم؛ هەلومەرج و بڕیاری نێودەوڵەتی و هەڵوێست و پەرچەکرداری ئێران و تورکیا دەبێ پێشوەخت حسابی بۆبکرێ و بزانرێ کە لەئێستادا ئەمانە هەموو دژی سەربەخۆیی کوردستانن. لەوانەیە لە گۆڕانکاریەکانی داهاتوی هاوسەنگی هێزەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم هەڵویست و دۆخە بگۆڕێت، بەڵام لە ئێستادا جێبەجێ بوونی ئەم خواستەی ئەستەم کردوە و هەربۆیە کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان پێویستی بە ڕاکێشانی پشتیوانی نێودەوڵەتیە.

چوارەم؛ کێشەی کەرکوک لەڕیگەی شەڕ و ململانێی قەومی و عەسکەری بەقازانجی دانیشتوانی کەرکوک و کوردستان تەواو نابێ و پێویستە زەمینەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئارام و دوور لە دەمارگیری قەومی لەو شارە و جێگا ناکۆکەکان دروست بکرێ تا لە ئایندەدا یارمەتی پرۆسەی هەڵبژاردنێکی ئازادی هاوڵاتیان بدا لە کاتی جیابونەوەی کوردستاندا.

**بۆپێشەوە: تائیستا زۆر کەس و لایەن لە نەیارانی ئەنجامدانی ریفراندۆم، دۆخی نەخوازراوی کوردستان، بەتایبەتیش هەلومەرجی دوای ١٦ ئۆکتۆبەر، بە بەرئەنجامی ریفراندۆمێکی ناوەخت لەقەڵەم دەدەن، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چێ؟**

**ئاسۆکمال:** رفراندۆم هیچ کات ناوەخت نەبووە لە ساڵی ١٩٩١ەوە و ئەمە مافێکی سەرەتایی خەڵکی کوردستانە کە دەنگی بەسەربەخۆبون داوە و بەرهەمی سەدەیەک لە ستەم و کێشەی قەومی دەوڵەتی عێراقە. دۆخی دوای ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ وەک دۆخی دوای٣١ی ئابی ١٩٩٦وایە. ئەوکات رفراندۆمێکیش نەبوە کە پارتی بەعسی هێنایە هەولێر. رفراندۆم بیانویەک بوو بۆ عەبادی کە ناوچە ناکۆکەکان کە دوای داعش کەوتە دەستی حکومەتی هەرێم بگەڕێنێتەوە ژێردەستی خۆی، بەڵام ئەمە پاساوی سیاسەتی یەکێتی نادا بۆتەسلیمی کەرکوک بە ئێران وعەبادی. ئەگەر رفراندۆمیش نەکرایە دیسانەوە حکومەتی عەبادی داوای گەڕانەوەی بۆ ئەو شوێنانە دەکرد. هەر هەمان سیاسەتی پێش هاتنی داعشی پیادە دەکرد لە خستنە ژێر پێی مادەی ١٤٠ و جێگیرکردنی حەشدی شەعبی لەو ناوچانە رفراندۆم ئەم پرۆسەیەی خێراترکردوە، بەڵام تەنیا هۆکاری سەرەکی تێکچونی دۆخی کوردستان نییە.

باسی"ناوەخت بوونی رفراندوم" لە ئەنجامی شکستی پارتی و یەکێتیەوە هاتووە لە بەرگری لە ئەنجامدانەکەی. بێگومان ئەگەر لە جێگای یەکێتی و پارتی هێزگەلێکی سیاسی تر سەرپەرشتی ئەم پرۆسەیەیان بکردایە، ئەکرا لەسەر ڕاکێشانی پشتیوانی نێودەوڵەتی و نوێنەرایەتیکردنی سیاسی ئەم مەسەلەی رفراندۆمە لە کۆبونەوەکانی نەتەوەیەکگرتوەکاندا و نێوەندە نێودەوڵەتیەکاندا، ئامادەکاری جەماوەری و سەربازی بەرامبەر بە پەلاماردانی سوپای عێراق، حسابکردن بۆ چۆنیەتی دواخستنی چەند مانگەی رفراندۆم و فرسەت نەدان بە عەبادی و حەشدی شەعبی بۆ قۆستنەوەی شەڕی دژی داعش و نەبەستنەوەی رفراندۆم بە شەڕ لەسەر مانەوەی کۆنترۆڵی پارتی و یەکێتی بەسەر بیرە نەوتەکانی کەرکوکدا و زۆرشتی تر، ئەمانە هەموو دەکرا بۆ زەمینەسازکردن بۆ بەرگریکردن لە ئەنجامەکەی سازبکرێ، بەڵام نەبونی هێزێکی لەم چەشنە کە لەجیاتی یەکێتی و پارتی چارەنوسی کوردستانی بەدەست بێت کە بۆشایی سەرەکیە لەم کارەدا بەمانای ئەوە نییە کە خودی ئەنجامدانی رفراندۆم بە گشتی ناوەخت بوە، لەبەرئەوەی ئەو بەدیلەی یەکێتی و پارتی لەو کاتەدا دەم ودەست جێبەجێ نەدەبوو و ئێستاش پرۆسەیەکی دورودرێژی دەوێ تاکو ئەم هێزە ئەلتەرناتیڤە دێتە مەیدان و جێگا بە یەکێتی و پارتی لێژ دەکا و هەر ئەمەش سەرکەوتنی خواستی سەربەخۆیی مسۆگەر دەکا و لەدەست مامەڵەی یەکێتی و پارتی ڕزگاری دەکا. هەربۆیە پێویستە لە واقعیەتی سیاسی ئەو کاتەی کوردستانەوە سەیری "وەخت بون یان ناوەخت بوونی رفراندۆم " بکەین. لەدوای داعش، ناجێگیری هاوسەنگی هێز لەنێوان بەغدا و هەولێر لەلایەک و لەنێو یەکێتی و پارتی لەلایەکی ترەوە، ئەم دۆخەی دروستکرد. ئەنجامدانی رفراندۆم بووە کەناڵێک بۆ تێپەڕبونی ئەو تەوژمی ململانێ و شەڕە سیاسیانەی توندبوبونەوە و پێویستی بە زەمینێک بوو کە شەڕەکەی تێدا ڕوبدا. نیازی پارتی و، تەنانەت لەسەرەتادا یەکێتیش، ئەوە بوو کە بە ئەنجامدانی رفراندۆم شەرعیەتێک بدەن بە مانەوەیان لەجێگەناکۆکەکاندا بەڵام هەم لەبەر هەڵوێستی ئەمریکا و ئێران و تورکیا و هەم لەبەرئەوەی یەکێتی چوە ژێرفشاری ئێرانەوە، رفراندۆم بوە بیانوی حکومەتی عێراق بۆ لەشکرکێشی و یەکلاکردنەوەی دەسەڵات لە جێگاناکۆکەکاندا. دواترهاوسەنگی هێز گۆڕاو و پارتی ئەو باڵادەستیەی جارانی نەما، بەڵام یەکێتیش پێی نەبوە هێزی یەکەم، بەڵکو هەردولایان بەرامبەر بە حکومەتی عێراق لاوازبوون.

ئەوانەی دەڵێن "رفراندۆم ناوەخت" بوو ، هیچ کات ناڵێن کەی کاتی ئەنجامدانی رفراندۆمە و لەڕاستیدا خوازیاری سەربەخۆیی نین. هیچ کام لەم هێزانەی خاوەنی ئەم قسەیەن لە کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ەوە چەندین کاتی گونجاو هەبوە بۆ ئەنجامدانی رفراندۆم ، لەچەشنی ١٩٩١ دوای چۆڵکردنی کوردستان لەلایەن بەعسەوە، لە ٢٠٠٣ دوای ڕوخانی بەعس ، لە ٢٠١٤ دوای هاتنی داعش و نەمانی حکومەتی عێراقی لە کەرکوک و جێگاناکۆکەکان، لەهەموو ئەم کاتانەدا ڕۆژێک نەمان بیست ئەمانە بڵێن کاتیەتی. هەربۆیە کەس ناتوانێ ئەوە بەجدی وەربگرێ کە ڕەخنەی ئەوان تەنیا لە کاتی ئەنجامدانی رفراندۆمە نەک خودی رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان. بەشێک لەم هێزانە جگە لەوەی بێدەنگیان هەڵبژارد بەرامبەر بە لەشکرکێشی و کوشتاری حکومەتی عێراق، بەڵکو کەوتنە دژایەتی رفراندۆم وەک مافێکی ڕەوای خەڵکی کوردستان و دەیانویست لەڕێگەی هاوکاری عەبادیەوە بەرامبەر بە پارتی پلە و پۆستیک پەیدابکەن و ببنە هێزی سەرەکی لە کوردستاندا و کەم تازۆر وەک باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی رەفتاریان دەکرد.

هۆکاری ئەم دۆخەی کوردستان کە تورکیا و ئێران و عێراق دەتوانن بە بیانویەک، کە ئەم جارەیان رفراندۆم بوو، بیشێوێنن و هەرجارەی کارەساتێک بەسەر خەڵکەکەیدا بهێنن و ئارامی سیاسی و ئابوری تێک بدەن لە ئێستادا بەشێکی سەرەکی خودی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیە و هاوکاری ئەوانە لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا و پێویستی پەنابردنیانە بۆ ئەم دەوڵەتانە تاکو هاوسەنگی هێزی ناوخۆی کوردستانی پێ بگۆڕن. ئەگەر یەکێتی بیزانیایە بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی لەگەڵ هەنگاوەکانی پارتیدا بۆ دابین دەبێ لەو تاکتیکەی رفراندۆمدا ئەوا ڕێگایەکی هاوبەشی لەگەڵ پارتیدا دەگرتە بەر بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک دوای رفراندۆم و نەدەچووە ژێر داوای ئێران و حکومەتی عەبادیەوە بۆ تەسلیمکردنەوەی ئەو شارە.

هۆکاری ئەم سیاسەت و تاکتیکە دژ بەیەکی یەکێتی وپارتی و شەڕ و ململانێی ناوخۆیان و ڕیکنەکەوتنی ستراتیژیان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەمانە ناسیونالیزمێکی بێ دەوڵەتن و هێزێکی لۆکاڵی و ناوچەگەری میلیشیایین کە بەرژەوەندی داهات و دەسەڵاتی ناوچەکانیان لەپێش دۆخ و چارەنوسی کوردستان و خەڵکەکەیەوەیە. ئارنست گیللنەر دەڵێ دۆخی کورد و سۆماڵیەکان شازن لەمڕۆی دنیادا بەوەی کە وەک نەتەوەیەکی قەبیلەیین، کە هەندێ کات لەناوخۆدا وەک قەبیلەیە هەرچەند ڕوو بە جیهانی دەرەوە وەک قەومیەت دەردەکەوێ. ئەو لە ساڵی ١٩٨٣دا کتێبێکی بەناوی "نەتەوە و ناسیونالیزم"ەوە دەرکردوە و کە لە چەند جێگایەکدا ئاماژە بە کورد دەکا. ئەو دەڵێ "ناسیونالیزم نەتەوە دروست دەکا، نەک بە پێچەوانەوە". ناسیونالیزمی کورد نەتەوەی کوردی دروستکردوە، بەڵام بەوەی نەیتیوانیوە و ستراتیژی نەبووە ببێ بەدەوڵەت ئەم پرۆسەیە هەروا بە ناکاملی ماوەتەوە. دۆخی ئێستای کوردستانیش کە نزیک بە سێ دەیەیە دەسەڵاتی دیفاکتۆی کوردی هەیە نەیتوانیوە ئەو پرۆسەیە کامڵ بکا و قەوارەیەکی سیاسی مۆدێرنی دەوڵەتی دروست بکا و قاڵبی عەشیرەتگەری و بنەماڵەیی و ناوچەگەری سەپێنراوە بەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستاندا و ڕێگەی گرتوە لە گەشەکردنی و کامڵبونی بەرەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و دەوڵەتێکی مۆدێرن. ئەمانە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئابوری و خوێندن و ڕۆشنبیری و ناسنامە و خەباتی چینایەتی داناوە و دۆخێکی سەخت و چەقبەستوی دروست کردوە.

هێنانەوەی ئەم سەرخەتانەم تەنیا بەو مەبەستە بوو کە نیشانی بدەم کە کەلتوری تەنیا "ئەنتی پارتی و یەکێتی" بوون و بەتایبەتیش "ئەنتی پارتی" و وتنەوەی ئەمانە گەندەڵ و خۆفرۆشن چەند سادە و لاوازە، لەوەدا کە دوای سێ دەیە ناتوانێ شیکردنەوەیەک بکات بۆئەوەی بۆچی "یەکێتی و پارتی" وەک دوو هێزی ناسیونالیست هێندە "خۆفرۆش" و خۆبەکەم زان و ڕیسوان، بەڵام توانیویانە لەدەسەڵاتدا بمێننەوە و شەرعیەت بدەنەوە بە دەسەڵاتەکەیان، نەک بە تەنیا بەزۆری چەک و سەرکوت بەڵکو وەک ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتی ئەمری واقیعی بورژوازی کوردیش. هێشتا "ناسیونالیزمی کورد" وەک تیۆری شەرعیەتی سیاسی ئەم دوو حزبە کاردەکا لەژێرکاریگەری ئەو ڕۆشنبیریە ناسیونالیستیەدا کە مادام چوارچیوەی ئەتنیکی کورد لە عێراقدا هەیە پێویستە دەسەڵاتی سیاسی حزبە ناسیونالیستەکانیش هەبن. سەرەرای ئەوەی ئاڵوگۆڕە ئابوری و سیاسیەکانی ١٥ ساڵی ڕابردووی کوردستان ناکۆکی دروستکردوە لەنێوان فەرهەنگی گشتی خەڵک و فەرهەنگی ناوچەگەری و عەشیرەتگەری دوو حزبی دەسەڵاتداردا و ناڕەزایەتیە جەماوەری و سیاسیە بەردەوامەکانیش بەم دوو حزبە ناسیونالیستە دووریەکی لە نێوان دەسەڵات و جەماوەری کرێکار و فەرمانبەر و هەژار و ئازادیخوازدا دروستکردوە، بەڵام هێشتا ناڕەزایەتی کرێکار و فەرمانبەر و خەڵکی ئازادیخواز بەرامبەر بەم دەسەڵاتە لە ژێر سایەی ڕۆشنبیری ناسیونالیستیدا ماوەتەوە و نەیتوانیوە ڕۆشنبیریەکی جیاواز و دژ بە ڕۆشنبیری دەسەڵاتدار دروست بکا. بێگومان پێویستە شیکردنەوە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی سەبارەت بە کوردستان و ناسیونالیزمی کورد بکرێت تا بزانین بەدیلی ئەم دۆخە چییە؟

بەکورتی ئەنجامدانی رفراندۆم لە ٢٧ ساڵی ڕابردوودا هیچ کات "ناوەخت" نەبوە و هەمیشە شانسی سەرکەوتنی هەیە، چونکە زۆربەی زۆری خەڵک بە تەجروبەی پراتیکی خۆی بەو ئەنجامە گەیشتوە کە سەربەخۆیی ڕێگاچارەیە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا. ئەوەی شکستی هێنا بەڕای من رفراندۆم نەبوو چونکە زۆربەی خەڵک بەسەرکەوتوانە دەنگی بەسەربەخۆیی دا، هەربۆیە ئەوەی شکستی هێنا ئەو ئەنجامە بوو کە پارتی و باڵێکی یەکێتی لە رفراندۆمیان دەویست، کە ئەم ئەنجامە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی وەک ئاکامی رفراندۆم نەبوو، بەڵکو شکستی وەسیلەیەک بوو کە لە ڕێگایەوە ئەم حزبانە دەیانویست شەرعیەتێک بدەن بەو جێگەوڕیگەی تازەیەیان کە لە دوای داعشەوە بەدەستیان هێنابوو. بەڵام چ لە ناوخۆی عێراق و چ لە ئاستی ناوچەکە و جیهان ئەمەیان بۆ نەچوە پێش و ئەم ئەنجامەی مامەڵەکردن بە رفراندۆمە شکستی هێنا. خواستی سەربەخۆیی لای خەڵکی کوردستان بوەتە ڕێگاچارەیەک و هەرکاتێکی تر بە رفراندۆم بێت یان بێ رفراندۆم خەڵک دەنگ بەم خواستە دەدەن...

**ماویەتی**

# هەواڵی نارەزایەتییە کریکاریی و جەماوەرییەکان

ئامادەکردنی شوان عەزیز و ئاراس رەشید

## کرێکاران لە هۆڵەندا لە دژی زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی ناڕەزایەتی دەردەبڕن.



کرێکاران لە هۆڵندا دژی زیادکردنی تەمەنی خانەنشینین و دەیانەوێت وەک خۆی بمێنێتەوە.

هەزار کرێکارو ٣ هەر لەو پێناوەدا نزیکەی ئەندامانی گەورەترین یەکێتی کرێکاری لە هۆڵندا بە ناوی ئێف ئێن ڤی لە ئەمستردامی پایەتەختی هۆڵەندا کۆبونەوەیەکیان ئەنجامدا. ئەو کۆبونەوەیە بۆ ئەوەبوو کە پیشانی دەسەڵاتدارانی حکومەتی بدەن کە کرێکاران نارازین بە زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی لە ساڵ. کرێکاران بە گشتی ٦٧ وە بۆ ٦٥ دەیانەوێت تەمەنی خانەنشینی وەک خۆی ساڵییە ٦٥ بمێنێتەوە کە ئەویش تەمەنی.

جێگەی باسە کە تەمەنی خانەنشینی لە هۆڵەندا ساڵ بوو، بەڵام لە ٦٥ هەر ٢٠١٥ تا ساڵی ساڵ و نۆ مانگ ئینجا ٦٥ کرا بە ٢٠١٧ ساڵی ساڵ. ئیتر حکومەتی ٦٦ کرا بە ٢٠١٨ لە ساڵی هۆڵەندا وردە وردە تەمەنی خانەنشینی زیاد دەکات.

لێرەدا یەکێتی کرێکاران دەیەوێت ئیتر حکومەت تەمەنی خانەنشینی لەو ئاستەی ئێستایدا ڕابگرێت و یاسایەکی تریش دابنرێت بۆ ئەو کرێکارانەی کە لەشوێنی سەختی وەک نۆژەنکردنەوەدا کاردەکەن.

بۆ نموونە بەشی نۆژەنکرنەوە و کان و بیناسازی زوربەی کرێکارەکانیان لە تەمەنێکی یەکجار گەنجدا دەست بەکار دەکەن. هەیانە لە دەکات کە ساڵیدا دەست بەو کارە ١٧ تەمەنی زۆرقورسە لەڕووی جەستەییەوە. ئا لێرەدایە ساڵ بەسە بۆ ٤٥ کە کرێکاران پێیان وایە کە کارکردن لە کاری قورسی وەک نۆژەنکردنەوە و بیناسازیدا.

وەک کە لەلایەن قسەکەری ئێف ئێن ڤیەوە ڕاگەیەنراوە ئەوەیە کە کرێکاران و یەکێتیەکەیان پلانی کۆبونەوەیەکی گەورەتر دادەنێن ئەگەر هات و حکومەت داواکاریەکانیان جێبەجێ نەکات.

## لەو ڕۆژەوەی کە ئاکەپە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی تورکیای کەوتۆتەدەست، ٢١٨٠٠ کەس بەڕووداوی پەیوەند بەکارەوە گیانی لەدەستداوە.

سەنتەری ستۆکهۆڵم بۆ ئازادی/ ٢٢-٩-٢٠١٨

به پێی بەدواداچوونێکی سەنتەری ستۆکهۆڵم، کە لە ڕاپۆرتێکی پارتی جەهەپەوە وەریگرتووە، دەرکەوتووە کە لەوەتی ئاکەپە بە دەسەڵاتداری ڕاستەوخۆی ئەردۆغانەوە دەسەڵاتی تورکیای کەوتۆتەدەست، ٢١٨٠٠ کەس بە هۆی ڕووداوی پەیوەند بەکارکردنەوە لە تورکیادا گیانیان لەدەستداوە.

بە پێی ئەو ڕاپۆرتە کە تەکین بینگۆڵی جێگری جەهەپە لە ئەنکەرە ئامادەی کردووە و جەهەپەش ئێستا گەورەترین پارتی سیاسی بەرهەڵستکاری تورکیایە دەڵێت ئێستا تورکیا پێشڕەوایەتی تەواوی ئەوروپا دەکات لە ڕووداوی سەرکاردا.

بەپێی داتای ناو ئەوراپۆتە ٤ کەس لە ڕۆژێکدا لە تورکیادا بە هۆی ڕووداوی سەرکارەوە گیانیان لەدەست دەدەن.

ئەو ڕاپۆرتە دەچێتە ناو وردەکاری زیاترەوە لەوبارەوە و ئاماری ژن و منداڵ و ئەوانەشی کە بە نافەرمی کاردەکەن.

بۆنموونە: ڕاپۆرتەکە دەڵێت: ژمارەی ئەو ژنانەی کە لەسەرکار گیانیان لەدەست دەدەن لە بەرزبوونەوەدایە. ٧٢٢ کرێکاری ژن گیانیان لەدەست داوە لەسەرکار لە نێوانی ٢٠١٣ تا نیوەی ساڵی ٢٠١٨ . ٩٠٪ ی ئەو کرێکارە ژنانە ناونووس نەکراون لە هیچ ئیتیحادیە و سەندیکایەکی کرێکاریدا، و لە ٧٥٪ی ئەو ژمارەیەش لە کرێکاری ژن بە نافەرمی کار دەکەن. هەروەها ٣١٩ منداڵیش لەو ژمارەیە هەر بە هۆی ڕووداوی کارەوە گیانیان لەدەستداوە.

هەروەها بە پێی زانیاریەکانی ناو ئەو ڕاپۆرتەو بە دواداچوونی سەنتەری ستۆکهۆڵم بۆ ئازادی، چەندین کرێکار بە هۆکاری کارو شوێنی کارەوە لە تورکیا پەنایان بۆ خۆکوشتن بردووە و لەو پێناوەدا گیانیان لەدەستداوە.

بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٤دا ٢٥ کرێکار خۆیان کوشتووە، لەساڵی ٢٠١٥دا ٥٩ کرێکار خۆیان کوشتووە، ٩٠کرێکار لە ساڵی ٢٠١٦دا و٨٩ کرێکاریش لە ساڵی ٢٠١٧دا خۆیان کوشتووە. هەموو ئەو خۆکوشتنەی کرێکاران لە تورکیادا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەردۆغاندا پەیوەندی بە بێمافی و خراپی شوێنی کارو زۆری سەعات کارو لەکاردەرکردن و کرێی کەمی کارە..

هەروەها بەپێی بە دواداچوونێکی تورکیش مینیت زوربەی ئەو خۆکوشتنانە لە سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و کانەکاندا ڕوودەدەن. ئەو دوو سێکتەرە کاریان زۆر قورسە و سەعات کاریش تێیاندا یەکجار زۆرە، و هەندێک ڕۆژان لە ١٢ سەعات زیاتر دەبێت کار بکەن. ئەمەش لە ڕووی دەروونیەوە کرێکاران تووشی داڕمان دەکات و پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن..

## بە هەزاران لە چالاکوان و ئەندامانی ئیتیحادیە کرێکاریەکان دەڕژێنە سەرشەقامەکانی بێرن لە هۆڵەندا لە دژی نایەکسانی کرێی کار لە نێوانی ژنان و پیاواندا.

بە پێی هەواڵێکی دی دەبلیو، چالاکوانانی سویسڕاو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی سەندیکا کرێکارییەکان دەستیان دایە ڕێپێوانێک لە ناو شاری( بێرن)دا. ڕێکخەرانی ڕێپێوانەکە هەزار کەسێک ٢٠٠٠٠ ژمارەی بەشداربوان بە مەزندە دەکەن.

مەبەستی سەرەکی ئەو ڕێپێوانە گەورەیە لە ناو پایەتەختی سویسڕادا بۆئەوە بوو هیچیتر نایەکسانی لە نێوانی ژنان و پیاواندا لە پێدانی هەقی کاردا نەمێنێت. بەشداربوان داوای یەکسانی لە نێوانی هەردوو ڕەگەزەکەدا دەکەن و هەروەها داوای شەفافیەتی زیاتر لە خاوەنکاران دەکەن. تەنانەت باس لەوەش دەکرێت کە لەوانەیە ژنانیش ڕۆژێک مانگرتن کردیان ١٩٩١ ڕابگەیێنن هەروەک کە لە ساڵی لەو پێناوەدا.

لەوبارەوە پۆلیسی شاری بێرن ڕایگەیاند کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک بەشداری ئەو ڕێپێوانەی کردووە. بەڵام ئەو ژمارەیەی کە



پۆلیس مەزندەی کردووە نەدرایە بڵاوکراوەی ناوخۆ.

هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە لە ئاستی خوارەوەی پەرلەمانی سویسڕادا قسە لەسەر ئەو نایەکسانیەی ژنان و پیاواندا بکرێت. ئەوان داوا دەکەن کە خاوەنکاران دەبێت زیاتر شەفافیەت بنوێنن و هیچی تر ئەو نایەکسانیەی نێوان ژنان و پیاوان لە پێدانی هەقی کاردا نەمێنێت.

جێگەی باسە( یونیا ) کە گەورەترین ئیتیحادیەی کرێکاری هۆڵەندایە، ڕایان گەیاند کە ژنان دەناڵێنن بەدەست چەندین جۆری چەوساندنەوەوە. بۆ نموونە جیاوازیان دەکرێت لە گەڵ پیاواندا لە پێدانی هەقی کاردا، بەکەمتر لە پیاوان دەبینرێ و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. هەروەها زۆر فەرق و جیاوازیتر لە کە بەسەریاندا سەپاوە گەڵ پیاواندا.

ئەوان دەڵێن: بەسە ئیتر بەسە هەتا کەی دەبێت ئەو جیاوازیە بەردەوام بێت؟

## مانگرتنی خەڵکی سان خوسیەی پایەتەختی کۆستاریکا لە دژی سیاسەتی سک هەڵگوشین و دەست پێوەگرتن وا دوو هەفتەی تەواو کرد و حکومەتیش چارەسەری لا نییە!

بە پێی هەواڵێک کە لە (پرێنزە لاتینە)دا بڵاوکراوەتەوە، خەڵکی شاری سان خوسیە وا دوو هەفتەیان تەواوکرد کە بەگشتی مانیان



گرتووە لە دژی سیاسەتی حکومەت دەربارەی سک هەڵگوشین و دەست پێوەگرتن.

ئەوەی کە جێگەی باسە وا بۆ چوارەمین جار دەچێت کە نوێنەرانی ڕێکخراوە پیشەییەکان و نوێنەرانی حکومەت بەیەکەوە کۆبوونەوەی بێ مەرج دەکەن بۆ چارەسەری دۆخەکە، بەڵام هیچ بەرەوپێش چوون و چارەسەرێک لەلایەن حکومەتەوە نابینرێت.

خەڵکی شاری سان خوسیە و کرێکاران و گرووپە کۆمەڵایەتیەکان هاوپەیمانیەکیان پێکهێناوە لە ژێر ناوی سەندیکا و یەکێتی کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەری دۆخەکە و بە گژاچوونەوەی سیاسەتی حکومەت. بڕیارە ٢٤-٩-٢٠١٨ کۆبونەوەکان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت دەست پێبکەنەوە و پرس و ڕاوێژیش بە کەسانی دیاری ناوشارەکە بکەن وە ئاگادارکردنەوەیان لە هەر بەرەوپێشچوونێک لەگەڵ حکومەت.

خەڵکی شاری سان خوسیە دەڵێن دەبێت ئەم هەفتەی داهاتووە تەواوی خەڵکی شارەکە بێتە سەر شەقامەکان و مانگرتنی گشتی ڕابگەیەنرێت. نوێنەرانی خەڵکەکە پێشبینی دەکەن کە زیاتر لە ٥٠٠ هەزار کەسێک ئامادەی ئەو خۆپیشاندانە گەورەیەی کۆتایی ئەم هەفتەیە بێت.

جێگەی باسە کە نوێنەرانی حکومەت لە ڕێگەی پارێزەرەکانیانەوە ئەوەیان بەگوێی خەڵک و کرێکاران و نوێنەرانی گروپە کۆمەڵایەتیەکاندا داوە کە ئەو جۆرە خۆپیشاندانانە نایاسایین و سزایان لەسەرە. بەڵام لە لایەکی ترەوە نوێنەرانی خەڵک و سەندیکا کرێکاری و کۆمەڵایەتیەکان دەڵێن ئەمە تەنها بۆ ترساندن و ساردکردنەوەی خەڵکە لە مانگرتن و خۆپیشاندان. بەڵام هیچ کام لەم پروپاگەندانە نامان ترسێنێت و ئێمە درێژە بە خۆپیشاندان و مانگرتنەکان دەدەین.

## کرێکارانی میگرۆس لە ئەستەمبوڵ خۆپیشاندان دەکەن لەسەر دواکەوتنی کرێی کارەکانیان و پۆلیسش ١٤ کەسیان لێ دەستبەسەر دەکات!

ڕاپۆرتێکی جیهانی تورکی، هێزەکانی بە پێی کەسیان لەو کرێکارانە ١٤ پۆلیسی تورکیا گرتووە خۆپیشاندانیان کردووە لەبەر ئەوەی کرێی کارەکانیان نەدراوەتێ و دواکەوتووە. میگرۆس کۆگایەکی فرۆشتنی خۆراک و بابەتەکانی خۆراکە لە ناوچەی بەیلیکدوزو لە ئەستەمبوڵ.

هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتە پۆلیس ئەو کرێکارانەی دەستبەسەر کردووە و بردوونی بۆ پۆلیسخانە بۆئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات.

ئەوەی کە جێگەی باسە ژمارەیەکی بەرچاوی کرێکارانی میگرۆس لەوکەسانەی کە ئێستا کاردەکەن و هەندێکیش لەوانەی کە پێشتر لەو شوێنەدا کاریان کردووە هاتنە دەرەوە و دەستیاندایە ناڕەزایەتی کردن. بەڵام لە لایەن پۆلیسەوە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ١٤ خۆپیشاندانەکەیان کۆتایی پێهێنراو کەسیشیان لێ دەستبەسەر کردن.

ئامانجی سەرەکی ئەو خۆپیشاندانەی کرێکارەکان ئەوە بوو کە وا بۆ ماوەیەک دەچێت کار دەکەن و پارەش وەر ناگرن و دەیانویست ئەو پارەیان بدرێتێ و دوا نەکەوێت.

## کرێکارانی دروستکردنی پاپۆڕەکان لە بارەگای وەزارەتی پیشەسازی ئەرجەنتین ماندەگرن.

ڕۆژنامەی ئاوی ئەرجەنتینی ڕایگەیاند، کە کرێکارانی پاپۆڕەکان لە ئەرجەنتین مانگرتنێکیان دەستپێکردوە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسان لە ڕۆژی ٣ شەممە ١٨/٩/٢٠١٨ . ڕوونیان کردۆتەوە کە دوای پشتگوێخستنی حکومەتی خۆجێیی بۆ داواکاریەکانیان بڕیاری مانگرتنیان داوە.

بۆ لاپەرە ١٢

# لە گۆشەیەکی ترەوە

## پرس و ڕای هەفتانە، گۆشەیەکی هەفتانەیە کە هاوڕێ موزەفەر عەبدوڵا دەینووسێت، بۆپێشەوە هەر دوو هەفتە جارێک، باسێک یان چەند باسێکی بڵاودەکاتەوە...لەم گۆشەیەدا "ئەرێ ئەو هەموو حورمەتەی بەپێویستت دەزانی وەکو سیاسیەک بەچی فرۆشتت؟...دەخوێننەوە

**ئەرێ ئەو هەموو حەیاو حورمەتەی کە بە پێویستت دەزانی بۆ خۆت وەک سیاسییەک بەچی فرۆشتت؟** گەڕانەوەی ڕیسواییانەی سەرۆکی هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری – دکتۆر بەرهەم ساڵح – بۆ ناو ماڵە گەورەکەی مامی گەورەی، بە دزی هەموو هاودیدەکانییەوە، لە ڕۆژەکانی هەفتەی ڕابردودا بووە یەکێک لە ڕوداوێکی گەورەو سەرنجڕاکیشی گاڵتەجارییەکان. ئەم ڕوداوە کە بۆتەی هەراوهوریاو بەڵێنی دۆزنانەو هەرەشەی زمان بڕین ئەوەندەی تر بوو بە بەڵگە بۆ سەلماندنی دەنگدان و هەڵبژاردنی پەرلەمانەکەیان کە گاڵتەجاڕییە. ئەم هەواڵە هاودیدەکانی بەرهەم سالح و تەنانەت زۆربەی نووسەرە سیاسی و ڕۆشنبیرەکانیش، کە لە ڕوانگەی چینایەتیەوە ناڕوانن بۆ کۆمەڵگەی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی و کێشەو ململانێکانی، وەک هەورە تریشەی ئاسمانی ساماڵ وابوو بۆیان و توشی شۆکی کردن. بە تایبەتی ئەم سەرۆکی هاوپەیمانی یە نوێیە کە بە پیاوە لیبرال و عاقڵەکەی ناو یەکێتی هەژمار دەکراو، گوایە زۆر جێگای متمانەی مامی گەورەی بوو، لە قسەکانی چەند ڕۆژ لەمەوبەری هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە کە ئەو لە دژی قۆرغکردنی دەسەڵات و نادیموکراسی بوون و ناعەدلەتی لە دابەشکردنی سەروەت و سامانی وڵات لەلایەن بنەماڵەوە، هاتۆتە دەرەوەو دەیەویت لەڕێگای پێکهێنانی ئەم هاوپەیمانییە دیموکراسی و دادپەروەرییەوە ئەو ئامانجانە بەدی بێنێت. وە چەندین جار لە وەڵامی چاوپێکەوتنەکان و لێدوانەکانیدا جەختی لەوە دەکردەوە کە ئەو خاوەنی حەیاو حورمەتەو هەرگیز بۆ پلەوپایەو پوڵ و سەرمایە ناگەڕێتەوە ناو یەکێتی. بۆیە ئێستا دوای ئەم چاوشارکێ دۆڕاو گاڵتەجاڕییە هەموو لایەک هەقیتی لێی بپرسین ئەرێ دکتۆر بەرهەم ئەو هەموو حەیاو حورمەتەی کە بە پێویستت دەزانی بۆ خۆت وەک سیاسییەک بەچی فرۆشتت...؟! بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەو دانی ڕاوبۆچون و هەڵوێستمان لەسەر ئەم پرسە کە بۆتە ڕوداوێکی گەورەو گەرم وا پێویست دەکات چەند ڕاستییەک ڕۆشن کەینەوە کە هۆکاری ئەم چاوشارکێ دۆڕاو گاڵتەجاڕیەیە. بەر لەهەر شتێک هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم ڕوداوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی جوڵانەوەی کوردایەتی و دەستەوتاقمە چەتەگەری یە خێڵەکی و بنەماڵەییە دزو گەندەڵ و سەرکوتگەرییەکان لەم هەلومەرجەی کە سی ساڵە بەردەوامە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەموو ئەو حەیاو حورمەتەی کە سەرانی گەورەو بچوکی ئەم جوڵانەوەیەو دەستەوتاقمەکانی شانازنی پێوە دەکەن لە نزیک بە یەک سەدەی ڕابردودا بەستراوەتەوە بە پلەو پایەو پول و سەرمایەو پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانەوە. ئاشتی و ململانێ و شەڕی ئەمانە هیچ کات لە پێناوی ئازادی زۆرینەی جەماوەری ستەملێکراوی کوردستان و مافەکانیان نییەو نەبووە. هەر بۆیەش پەیڕەوکردنی هەر جۆرە کارو هەڵوێستێک لە دژی یەکترو ملشکاندنی یەکترو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە ڕوی سیاسی و شەخسی یەوە بە ئاسایی دەزانن. هۆکارێکی تر بەندە بەو کێشەو ململانێیانەی ناو یەکێتییەوە کە دەمێکە هەیە. بە تایبەتی دوای مردنی مامی گەورەیان، جەلال تالەبانی ئەم کێشەو ململانێیە لەسەر ئەو بەرژەوەندی یە ئابوری و سیاسییانە گەییشتۆتە ئەو ڕادەیەی کەسانی وەک بەرهەم ئەم چاوشارکی دۆڕاو گاڵتەجاڕییە بکات. هیچ گومان لەوەدا نییە کە یەکێتی وەکو نەوەی یەکەمی جوڵانەوەی کوردایەتی، ماوەیەکە گەیشتوتە قۆناغێک تا بە تەواوی یان هەڵوەشێتەوە یان بە کردەوەو فەرمی ببێتە هێزێکی سیاسی خێڵەکی و بنەماڵەیی وەک پارتی. تاڵەبانی باوک تا مرد نەیتوانی ئەم ستراتیژە یەک لا بکاتەوەو ڕاستەوخۆ بە بێقەیدو شەرت بە کردەوەو بە فەرمی هەموو دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆی ڕادەستی خێزان و کوڕو بنەماڵەکەی بکات بۆیە کار گەییشتە ئەمرۆ دەیان باڵ و سەدان لاباڵ و پەنجەی بە ئاشکرا تیا دروست بێت. ئێستا ئیتر شەرە لەسەر پلەوپایەو پۆست وپول و سەرمایە. وە هێنانە پێشەوەی مامی بچوک کە قوبادە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ململانێ و شەڕەیە بە قازانجی باڵادەستی بنەماڵەی تاڵەبانی وەک پارتی و بارزانی. خۆ ئەگەر تا بەستنی کۆنگرەکەیان نینۆک و پەنجە زیادەکانی هەندێک لە باڵ و لاباڵەکان ببڕنەوە ئەوە ئیتر ئەم شەڕە زۆر هێور دەبیتەوەو مامی بچوک لەسەر عەرشی کورسییەکەی پاشایەتییەکەی مامی گەورە لە دەباشان دادەنیشێت. دوای ئەوە ئیتر ئەو کۆتا بڕیار دەدات کە کێ و کێ؟ چی و چی هەبێت و نەبێت لە پلەوپاپەو پۆست و پول وسەرمایەیە. هۆکارێکی تر دوای ئەمە پەیوەستە بە خودی ئەم سیاسەتمەدارە لیبراڵە عەقڵ غەربییە کە بەشی زۆری ژیانی لاوێتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی بەریتانیا و ئەمریکا بەسەر بردەوە. وەک دەڵێن سەری کردوە بەناو زۆریک لە داڵانەکانی دەزگا جاسوسییەکانی ئەو وڵاتانە بە تایبەتی ئەمریکا. ئەم سیاسەتمەدارە خاوەن حەیاو حورمەتە هەر لەسەرەتای نەوەتەکانەوە لەگەڵ مامی گەورەیدا زۆر پێویستیان بە یەک بوو. هەر بۆیەش لە پڕێکدا لە ڕواڵەتی سیاسەتمەدارێکی لیبرال و ناوەڕۆک قەومی و خێڵەکی هاتە گۆڕەپانی سیاسی یەوە، بەڵام ئێستا دەوکەوت کە هەموو بیرو کارو کەلتوری سیاسی دونیای لیبرالیزمی لە هەلومەرجی کوردستاندا بەم چاوشارکی دۆڕاو گاڵتەجارییەوە ببەستێتەوە. هیچ گومان لەوەدا نییە کە لە سایەی دەسەڵاتی سی ساڵەی چینی لۆمپەن بۆرژوازی و جوڵانەوە کوردایەتییەکەی و دەستەو تاقمەکانی ناوەرۆکی ئەم سیاسەتمەدارانە کە دەیانەویت بە پروپاگەندەنی لیبرالیزم و سۆسیال دیموکراسی خەڵک تەفرە بدەن هەر دەردەکەوێت. لە ڕویەکەوە ئەمەیان لە نەزانییەوە نییە، بەڵکو لە درک کردنیانەوەیە بە ناوەڕۆکی جوڵانەوەو دەسەڵاتی دەستەو تاقمەکانیان لەم هەلومەرجەدا. چونکە هەروەک چۆن خودی هەموو چینەکە بۆتە لۆمپەن بەهەمان شێواز ڕەوت و باڵەکانی بۆتە لۆمپەن لیبرال و لۆمپەن سۆسیال دیموکرات و...هتد .تەنانەت چەپی کۆن و نەریتی – تقلیدی – سەردەمی دونیای دووجەمسەری کە دەمێکە توشی شۆک و سەرە گێژە بووە، وەک توێژێکی وردە بۆرژوا، بوونەتە زوڕناژەن و پاشکۆی ئەم چینەو جوڵانەو باڵ و لاباڵ و دەسەڵاتە دزو گەندەڵ و میلیشاییەکەی. ئاخر کوا لە دونیای سیستەمی دیموکراسی واقعی لیبرالی و سۆسیال دیموکراسی ڕۆژئاوا لە ئەمریکاو ئەورووپاوە تا ئوسترالیا سیاسەتمەدارێک هەبووە وەک ئەم سیاسەتمەدارە هەمووحەیاو حورمەتی خوی وا بە ئاسانی و ئاشکرا هەڕاج فرۆش بکات، تەنها بۆئەوەی ببێتە کاندیدی یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار. پۆستێک کە نەک تاقمە ئیسلامی و تایەفی و قەومی و قەبیلەییەکانی عەرەب گاڵتەی پێ دەکەن تەنانەت هەموو خەڵکی کوردستان و خودی سەرانی قەومی کورد گاڵتەی پێدەکەن. ئاخر لە سیستەمی دونیای ڕۆژئاوا کێ بینویەتی سیاسەتمەدارێکی لیبرال بە بێ ئاشکراکردنی جیاوازی فکری و سیاسیەکانی واز لە حزبەکەی بێنێت و حزبێکی تر لە چەند هەفتەو مانگ پێکبێنێت و پاشان بچیتەوە ناو حزبی یەکەم. هاوکات پاشەقول لە هاودیدەکانیشی بگرێت. ئەمە بەس لە پیاوە لیبرال و عەقڵ ڕۆژئاواییەکەی ناو دونیای سیاسەتی کوردایەتی ڕوددەدات. جا وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا ئەمە هەر ئاکام و بەرەنجامی ئەو ململانێ شوم و دواکەوتوەیە کە دەیان ساڵە پارتی و یەکێتی وەک باوک و کوڕی جولانەوەی کوردایەتی ئەنجامیان داوە. لەوەتەی جوڵانەوەی کوردایەتی هەیە، بە تایبەتی لەو کاتەوە دوو شەق بووە لە نیوەی پەنجاکانەوە بۆتە مەلایی و جەلالی، دەیان دیاردەو گەمەی وا کۆمیدی و تراژیدیان تۆمار کردەوە کە هەمیشە خەڵکی کرێکارو زەحمەتیکیش باجەکەیان داوە. کاتێک ٦٦ و ٧٠ و ٧٥ و ٨٣ و٩٤ و ٩٦ و ٢٠١٦ دەیان و سەدان روداوی تر لەنێوان ئەم مێژوەدا هەبێت و بەشێک بێت لە مێژوی جوڵانەوەی کوردایەتی وتاقمە خێڵەکی وبنەماڵییەکانی ئەوە ئیتر چاوشارکێ دۆڕاوە ڕیسواو گاڵتەجارییەکەی ئەم سیاسەتمەدارە بە حەیاو حورمەتە لیبراڵەش دەبێتە ڕودوایکی ناو مێژوویی ئەم جوڵانەوەیە. بۆیە خەڵکی بە گشتی و بە تایبەتی هاودیدەکانی ئەم سیاسەتمەدارە بە حەیاو حورمەتە هەقیانە بپرسن ئەری ئەو هەموو حەیاو حورمەتەی کە بە پێویستت دەزانی بۆ خۆت وەک ئینسانێکی سیاسی بە چی فرۆشتت..؟!! وەڵامەکەشی ڕون و ڕاشکاو هەر ئەوەیە کە بەو کورسی یە لەرزیوەی سەرۆک کۆماری عیراق کە دەمێکە لەپشتەوە خۆی بە قاچەکانییەوە هەڵواسیووە. بەڵام پێویستە ئەم سیاسەتمەدارە بە ڕواڵەت لیبراڵەو هەموو سیاسەتمەدارانی تری کوردایەتی باش بزانن کە لە کۆمەڵگەی چینایەتی کوردستاندا بوونی بەرەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی هەر زوو لە ناوەڕۆکی سیاسەت و کردەوەو بانگشەکانیان تێدەگەن و هەمیشە دەیان دەدەنە بەر ڕەخنەو ناڕەزایەتی و ڕیسوایان دەکەن. جا پێویستە ئەم ڕوداوە گاڵەجاڕییەش ببێتە بەڵگەو ئەزمونێکی تر تا جەماوەری ئازادیخواز بەشداری گاڵتەجاری هەڵبژاردنی بەناو پەرلەمانەکەیان نەکەن و بیان دەنە بەر ڕەخنەو نارەزایەتی و ریسوایان بکەن...



**ئەو زگزاکیەی دکتۆر بەرهەم، تەنانەت لەناو خانەوادەی بۆرژوازی و کارەکتەرە سیاسیەکانیشیدا، کەم وێنەیە... لەمێژووی دوورو درێژی بزوتنەوەی کوردایەتی و کەسایەتیە سیاسیەکانیدا، سەنگەر گواستنەوە، پەشیمان بوونەوە، نۆکەر پیشەیی، خۆ فرۆشی بۆ پارە، پاکانە پڕکردنەوە... هەمیشە بووە، بەڵام هەرگیز بەو ئاستە لە خێرای و بەو جۆرە لە زەلیلی، ڕووینەداوە. بەراستی کردار شەرتە.**

# دیمانە لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەند لە" سەمای گڵ و ڕەنگ" دا

## لەم ژمارەیەدا، وەڵامی هەریەک لە هونەرمەندان
## فاروق میرزا، ئاری میرزا، وریا ئەحمەد، بورهان مستەفا و ئاسۆ فەرەج لەبۆردی پێگە... دەخوێننەوە

### بەشی دووەم و کۆتایی

**سازدانی: ئاراس رەشید**




"سەمای گڵ و ڕەنگ" کۆکردنەوەی ٨ هونەرمەندی کوردی هەندەران بوو بۆ نمایشکردنی کارە هونەریەکانیان لە شاری ئۆتاوای پایتەختی کەنەدا. پێگەی ڕۆشنبیری کوردی ئۆتاوا توانی ٨ هونەرمەندی جیاواز لە سەلیقە و قوتابخانەی هونەری لە ئەڵمانیا و ئەمەریکا و کەنەدا کۆبکاتەوە و کارەکانیان نمایش بکات بۆ ئارەزوومەندانی هونەری لە ڕەوەندی کوردی و کەنەدی. نمایشی پێشانگەکە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی تەمووزی ٢٠١٨ بوو بۆ ماوەی ٥ کاتژمێر. ئەو پیشانگەیە پتر لە ٣٠ کاری هونەری شێوەکار و پەیکەرسازی و پەیکەرتاشی لەخۆگرتبوو، شانبەشانی پیشانگەکە هونەرمەند کاوان قادر ۆرک شۆپێکی هونەری پەیکەرسازی بۆ ئارەزوومەندانی ئەو هونەرە و منداڵانی ئامادەبوو سازکرد. پیشانگەکە بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر و ئەندام پەرلەمانی هەرێمی ئۆنتاریۆ (ماری فرانس لۆلاند) بەڕێوە چوو، تەنانەت ماری فرانس لە تەلاری پەرلەمانی ئۆنتاریۆ ستایشی ئەو پیشانگەیە بەگشتی و کارە هونەریەکانی بەتایبەت قسە لێکرد و سوپاسی پێگەی کرد لەو کارە ناوازەیە کە بۆیەکەمین جارە ڕەوەندی کوردی کارێکی هونەری لەو شێوەیە ئەنجام دەدات لە کەنەدا. بۆپێشەوە ویستی لە زاری هونەرمەندەکان خۆیانەوە و لەگەڵ قسەکەری پێگە ئەم ڕیپۆرتاژە تایبەتەتان بۆ بگێڕێتەوە.

**بۆپێشەوە: ئەو جیاوازیانە چین کە هونەرمەند دەبێ ڕەچاوی بکات کاتێک بە تەنیا و لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەند بەشداری لە پێشانگایەک دەکەن؟**



**فاروق میرزا:** بێگومان جیاوازییەکان هەمیشە دەکرێن وە دەبینرێن و دەگوردرێن بە پێی هەلومەرجی داخوازییەکان! بۆ نموونە؛ ئەگەر من بە تە نها بمەوێت پیشانگەیەک بۆخۆم بکەمەوە؟ ئەوا لێرەدا من بەتەنها خاوەنی بریاردانی کارەکانم دەبم، چ کارێک پیشان دەدەم ئازادم، هەر ناوێک لە پیشانگەکەم دەنێم ئازادم، و چۆن بمەوێت وا دەتوانم تابلۆکانم دا بنێم... بەڵام لە کاری پیشانگەی هاوبەشی دەبێت هاوئاهەنگیەکی تەواو هەبێت لە نێوان هونەرمەندانی بەشداربوو. ئەگینا دەتوانێت سەخت بێت، بۆچی؟چونکە چەند هونەرمەندێک دەیانەوێت پێکەوە کار بکەن، ئەمەش دەبێتە ئەوەی هەموویان لەسەر ناوێک ڕێک بکەون، شێوازی کارەکان یارمەتی دەری یەکتر بن، دیاریکردنی شوێنی تابلۆ بەپێی جێگای هۆڵەکە و چەندین شتی تریش؛ وەکو دابەشکردنی کات بۆ سەرپەرشتی کردنی پیشانگەکە لە نێو هەموویاندا.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە ئاستی کاری هونەری تابلۆ لە کوردستان؟**

**فاروق میرزا:** من حەز دەکەم ئەم پرسیارە بە جۆرێکیتر دایبڕێژمەوە، من ئەمە وەک پێشنیارێک لەوەڵامی خودی پرسیاری بەرێزتان: لەڕاستیدا من ماوەی زیاتر لە ٢٢ساڵە لەدەرەوەی وڵاتی خۆم دەژیم و یەکجار لە کوردستان بووم لەو ماوەیەدا لەبەرئەوە، بۆ من قورسە بتوانم هەموو تابلۆکانی وڵات یان هونەرمەندەکانی هەڵبسەنگێنم، چونکە هەڵسەنگاندنی تابلۆ بەڕاستی خۆی کارێکی تایبەتە و کەسانێکیتر دەتوانن ئەو هەڵسەنگاندنە نیشان بدەن نەوەک من. بەڵام بەدەر لەمە من پێموایە هونەر لەکوردستان لەڕەنگ و، خامە، فڵچە و ماتریاڵیان کەم نییە! بەڵام شێوازی ژیان و قورساییەکانی لەسەر مرۆڤەکان وە بەتایبەتی لەسەر هونەرمەندەکان هەیە، بەداخێکی زۆرەوە، ئەوەش بۆتە مۆتەکەیەک بۆ دزین و لەناوبردن و سەرکوتکردنی ئازادی ناخی هونەرمەندەکان، وە لەگەڵ هزر و فیکر و فەنتازیاکەیان، کەواتە تەنها هونەرمەندی ئازاد ئەتوانێت ئازادیش بەدی بهێنێت و لە فیکر و خەیاڵ و فەنتازیایدا ئازادی خۆی بکێشێت، ئەوە بنەخشێنێت ئەو کات هونەر و هونەرمەند و هونەر دۆستیش پێکەوە ئاستی تابلۆکان دیاری دەکەن.

**بۆپێشەوە: بەچەند کاری هونەری بەشداریت لە پیشانگەی" سەمای گڵ و ڕەنگ" کرد؟ هۆی هەڵبژاردنی ئەوکارانە چی بوون؟ کاری داهاتووتان چییە؟**

**فاروق میرزا:** من لە پیشانگەی سەمای گڵ و ڕەنگدا بە دوو تابلۆ بەشداریم کرد. لەڕاستیشدا من چوار تابلۆم دانا بوو بۆ بەشداری کردنم، بەڵام بەهۆی هەندێک ئاڵۆزی و کێشەی سەفەرکردن و لەبەر نەبوونی گوزەرنامە(ڤیزە) نەمتوانی خۆم بچم، و لەگەڵ چوار تابلۆدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشداری پیشانگاکەم کرد بە ناردنی دوو کۆپی لە تابلۆکانم. بەخۆشحاڵیەوە لەگەڵ تابلۆی هونەرمەندەکانیتردا بوونە جێی ڕەزامەندی بینەری خۆشەویستی شاری ئۆتاوا لەکەنەدا. من مەبەستم لە کارەکانم بۆ ئەو پیشانگەیە بێگومان ناردنی فیکر و ئەندیشە و ڕەنگو فۆڕم و شتە شاراوەکانی فیکری ئازادم لەناو هونەرەکەی ئێستامد . کاری نوێم یان داهاتووم زۆرتر کاری بەردی کریستاڵیە، کە ئەمە خۆی دەبێتە شێوازێکی تازە لە کارکردنم لە هونەردا، و دەبێتە گۆڕینی شێوازی کارو مەتریاڵ. هیوادارم لە پیشانگەی داهاتوودا بتوانم پیشانی ئێوە و بینەری خوشەویستی بدەم .

**بۆ پێشەوە: بەلای تۆوە دەکرێت تابلۆی هونەری داماڵراو بێت لە ناوەرۆک؟**



**ئاری میرزا:** پێشەکی سوپاس بۆ ئەم چاوپێکەوتنە و سوپاسی پێگەی رۆشنبیری کوردی ئۆتاوا دەکەم و بە تایبەتی کاک ئاراس رەشید، کە چالاکانە ڕۆڵی سەرەکی بینی لە بەرێوەچوون و ئامادەکاری کارەکاندا، لەگەل سوپاسم بۆ هەموو ئەو هاورێیانەی کە هیلاک بوون بەم چالاکیەوە، هەروەها سوپاسی هاورێی ئەزیزم کاکە تەها سالح و کاکە کاوان قادر بۆ هاوکاریکردنم بۆ ئەم بەشداریە. لە پرسیارەکەتان دەربارەی ئەوەی کە ئەکرێت تابلۆ دابماڵرێت لە ناوەرۆک؟ پرسیارێکی زۆر جوان و گرنگە کە باس و لێکۆلینەوە زۆر هەڵدەگرێت، و زۆریشی لەسەر کراوە و چەندەها بۆچوون و رای جیاوازی لەسەر باسکراوە و هەمووشی بەشی خۆی راستی تێدایە. لەلایەک کە شێوە (هەلدەستێت بە ئامادەکردن و کۆکردنەوە و هاوسەنگی و گونجاندنی کارە هونەریەکە، کە کەرەسەی بەکارهێنانی کارەکە و ناوەرۆکەکەیەتی، هەر بۆیە شێوە ئالۆزە لە دەربرین لە کاری هونەری دا ئەو سەرکێشی و دلەڕاوکێیەی کە دروستی ئەکات لە کۆتاییدا بە جوانی تەواوبوونی کارە هونەریەکە تەواو ئەبێت. هەر لەبەر ئەوەشە ( شێوە لە بنەرەت دا دەربرینێکە لە ناوەرۆکی دنیای تابلۆیەک یان ئەو کارە هونەریە کە یەک یەک تەواو ئەکەن کە ناکرێت هیچیان لە هیچیان دابماڵرێت، ) ناکرێت کارێکی هونەری بینەر بەجیا بیان بینێت بلێت شێوە جوانە و ناوەرۆک نا! یان بە پێچەوانەوە چونکە هەردووکیان یەک تەواو ئەکەن کە کارێکی هونەریە. بە رای من لە کارێکی هونەریدا شێوە ناوەرۆکێکی وەرگرتوە و ناوەرۆکیش شێوەیەکی وەرگرتوە، هەر وەک چۆن قسەکردن و باس کردن لە جوانی کارێکی هونەری هیچ کات ناگاتە جوانی کارە هونەریەکە خۆی.

**بۆپێشەوە:پەیوەندیی ئێوە لەگەل هونەرمەندانی تر بەگشتی و هونەرمەندانی کوردستان بە تایبەتی چۆنە؟**

**ئاری میرزا:** لێرە پەیوەندیەکان زۆرترن لەرێگەی پێشانگە و چالاکی گەلەریەکانەوە، و هونەر لێرە پەنجەرەکانی هەناسە وەرگرتنی فراوانترە، لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستان کەم تا زۆر ئاگاداری چالاکی و پەیوەندیەکانم.

**بۆپێشەوە: بە چەند کاری هونەری بەشداریت لە پێشانگەی (سەمای گل و رەنگ) کرد؟**

**ئاری میرزا:** من بە خۆشحالّیەوە بە دوو تابلۆ بەشداریم کرد. هەڵبەتە لەبەر ئاسان نەبوونی ناردن و گواستنەوەی تابلۆکان، گونجاو بوو کە بە دوو تابلۆ بەشدار بم، کە سوپاسی هاورێکانم ئەکەم بۆ ئەرکی گواستنەوە و لە چوارچێوەگرتنی تابلۆکانم.

**بۆپێشەوە: لە تاراوگە کێشەی هونەری چییە؟**

**وریا ئەحمەد سەلاّح:** لە هەموو شوێنێک هونەرمەند ڕووبەڕوی کێشەی خۆی دەبێتەوە بۆ نمونە ئەگەر لەسەر هونەری شێوەکاری قسە بکەم، ئەگەرچی بۆ من سەرچاوەی سەرەکی مەعیشەتم نییە، بەلاّم لەبەرئەوەی زۆر عیلاقەم بە هونەرەکەمەوە نزیکە بە ناچار کاتی بۆ دەرەخسێنم هەروەک نان وئاو بە پێویستی دەزانم، بەلاّم لەبەر گرانی و مەشغەڵەتی ژیان ڕەنگە بۆ زۆر کەس وا نەبێت سەری نەپرژێت بە دڵی خۆی هونەر بکات.

**بۆپێشەوە: بەچەند تابلۆ بەشداریت کردووە؟**

**وریا ئەحمەد سەلاّح:** بە شەش تابلۆ بەشداریم کردووە، تابلۆکان بە ڕەنگی ئۆکرالیک و هێلکاری و خەلوز.

**بۆپێشەوە: ناو لێنان بۆ تابلۆ لای ئێوە چەند گرینگە؟.**



**وریا ئەحمەد سەلاّح:** هەندێکجار ناولێنان بۆ تابلۆ گرینگە، بەلاّم بەلای منەوە زۆر جار پێمخۆشە بینەر خۆی بەپێی تێگەیشتن وتێڕوانینی خۆی ناو بۆ تابلۆکانم دابنێ. ئەوەی من سەرنجم داوەتێ هێندەی لە ولاّتی خۆماندا ناولێنان لە تابلۆ کێشەیەکە حەتمەن دەبێ ناوی لێبنێن، لێرە فێربووم کە ناولێنان لە تابلۆ هیچ زەرورەتێکی نییە، لەبەر ئەوەی بەڕای من بینەر لە بیرکردنەوەدا ئازاد نابێت ئەگەر ناولێنان شتێکی حەتمی بێت.

**بۆپێشەوە: بەرای تۆ بینەر زیاتر چێژ لەتابلۆ دەبینێ یان پەیکەر؟ چۆن توانیوتە لەهەردوو هونەری پەیکەتاشی و شێوەکاری کاربکەیت بەیەکەوە؟**

بۆ لاپەرە ١٢



# پەروەردەی خورافەی ئێران و گرفتەکانی ژنان

## نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

هەر بەو جۆرەی کە ئاگادارین پەروەردە نەخش و ڕۆڵی گرینگ و کاریگەر لە بیچمگرتنی بیر و میشکی تاکەکان و داهاتوویان دەگێڕێ. شێوە و جۆری پەروەردە دەتوانێ گارانتی سەرکەوتن یان داڕمانی کەسایەتی و شوناسی تاک لە ناو کۆمەلگە بێ. پەروەردەیەک کە هەڵقوڵاوی سیستمێکی ئینسانی و مرۆڤپەوەر بێ و لەو دا دین لە دەولەت جیابێ، هەروەها زۆر گرینگە کە جیاکاری و هەڵاواردنی ڕەگەزی تێیدا بوونی نەبێ و منالان بە گشتی بە خورافاتی دینی و تفکیکی جنسیەتی گەورە نەبن و بەرەو داهاتووی روون هەنگاو بنێن. یەکێک لە جۆرەکانی پەروەردە کە لەو بوارەدا ڕۆڵی گرینگی هەیە پەروەردەی مەکتەب و قوتابخانەیە، کە هەروەکوو ئەوەی ئاماژەمان پێکرد پەروەردەیەکی مرۆڤپەروەرانە کە لەودا دین لە دەولەت جیا بێ و خورافە دەرخواردی تاک نەدرێتەوە. بە بۆنەی کرانەوەی مەکتەبەکان دەمانەوێ باس لە سیستمی پەروەردەی ئێران بکەین کە پڕاو پڕە لە تاوان و توندوتیژی و خورافیاتی دینی، سیستمێکی پەروەردەیی ئیسلامی کە ناکرێ ناوی پەروەردەی مرۆڤی لێ بنرێ، چوونکە کارەساتێکی مەترسیدارە کە سالانە بە ملیون منالٚ تێیدا شوناس و کەسایەتیان لێ زەوت دەکرێ. سیستمی پەروەردەی ئێران ساڵهایە هەولٚ بۆ ئەوە دەدات کە لە منالانی ئەو ولاتە وەک ئەبزار کەڵک وەرگرێ بۆ مانەوەی حکومەتە لەرزۆکەکەی. لە ناو توێژی پەروەردەی ئێران کچان و ژنان زیاتر دەکەونە پەراوێزەوە و ئەم سیستمە کێشە و گرفتی زۆری بۆ توێژی ژنان پێک هێناوە. ساختاری پەروەردەی ئێران تەژیە لە هەڵاواردنی ڕەگەزی و هەر لە سەرەتاوە منالان بە بڤە و خورافاتی ئیسلامی بار دێنێ، چوونکە پەروەردەی ئیسلامی بەشێکی گرینگ لە وانەکانی کچان و کورانی ئێرانییە، ئایینێک کە شوناس و کەرامەت لە تاک دەستێنێتەوە و هەڵاواردنی ڕەگەزی تێیدا نیهادینە کراوە. هەر بەو هۆکارەیە کە لەو نێوەدا ژنان کە شارۆمەندی پلە دوو لەو ئاینی ئیسلامن، لەو سیستمە دینی و خورافیەدا دەکەونە بەر بێ بەزەییانەترین شێوازەکانی پەراوێز خستن و لە تەمەنی کەم دا ئەو وانە فێردەبن کە دەبێ فەرمانبەری یاسا ئیسلامی و دژە مرۆڤیەکان بن و لە ڕەگەزی بەرامبەریان لاوازترن. کچانی ئێرانی لە یەکەم رۆژی کرانەوەی مەکتەب خۆیان ناتوانن بڕیار بۆ جۆری پۆشینی خۆیان بدەن و بە حیجابی ئیسلامی کە سوکایەتیە بە کەرامەتیان دەبێ برۆنە مەکتەب و لە یەکەم رۆژەوە ئەو وانە نامرۆڤایەتییە فێر دەبن کە ئەوان شارۆمەندی پلەی دووی ئەو سیستمەن و دەبێ جیا لە کوڕان وانە فێر بن و حیجابی ئیسلامی رەچاو کەن. کچانێک کە لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامی لە تەمەنی نۆ ساڵێ جێژنی تەکلیفی شەرعیان بۆ دەگیرێ و پێیان دەوترێ کە جەستەیان ئامادەی سێکسە و هەر پیاوێک بە رەزامەندی باوکیان دەتوانێ لە ژێر ناوی مارەیی و زەواج دەستدرێژیان بکاتە سەر. هەڵاواردن و جیاکاری ڕەگەزی ساڵهایە لە ژێر ناوی ئیسلامیکردنی مەکتەب و زانکۆکان یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی کچانی ئێرانیە، کە دەتوانێ شوێن دانەریی نەرینی لە هەموو زەمەنێکی ژیانیاندا بنێ. کچانی ئێرانی بە پێی شەریعەتی ئیسلام و حاکمیەتی ئیسلامی ئێران ناتوانن زۆرێک لە وانەکان بخوێنن. بۆ نمونە ژنێکی ئێرانی قەت ناتوانێ پلەی دادوەری وەرگرێ. گەڵاڵەی ئیسلامی کردنی زانکۆکان زیاتر لە دە سالە بەرێوەدەچێ بە جۆرێک کە تەنانەت زۆرێک لە وانەکانی کارناسی باڵاشی گرتۆتەوە و گرفتێکی زۆری بۆ خوێندکارانی ژن پێک هێناوە. ساڵهایە حکومەتی ئیسلامی ئێران کە حکومەتێکی دژە ژنە بە ئامانجەوە وانەی خورافە و ئاینی دەرخواردی تاکەکانی کۆمەلگە دەدات و ئەو جۆرە لە پەروەردەی نیهادینە کردووە و بە ڕاشکاوی بەرگری لێ دەکات، پەروەردەیەک کە لە کۆمەڵگەیەک و سیستمێکی پیاوسالار دەوترێتەوە و پیادە دەکرێ کە تا سەر ئیسقان دژ بە مرۆڤەکان بە گشتی و ژنان بە تایبەتیە. شەریعەتێک کە بە پاڵپشتی یاسای ئیسلامی بەردەوام ژنانی وەکوو ئەبزاری زاو و زێ و مانەوەی نەسلی ئینسانەکان وبۆ رەزامەندی پیاوان بەکار بردووە. لەسایە سەری هەر ئەو پەروەردە دینەوە ژنان نەیانتوانیوە هیچ کات پێگەی خۆیان بەو جۆرەی کە هەیە نیشان بدەن و کەرامەتیان بەردەوام پێخوست کراوە. چوونکە پیاوانی کۆمەلگەی ئێران بە پشت بەستن بەو یاسا و شەریعەتانە بێ ئەوەی کە ئامانجی ئەو رژیمە بزانن ژنان دەخەنە ژێرِ ڕکێفی خۆیانەوە و وەکوو ملکی سەرەکی خۆیانی سەیری دەکەن. لە دنیای هەنووکەیی دا کە ژنان لە پلەی سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆمار دان و ڕێبەریی بزوتنەوە گەلی جۆراوجۆر دەکەن هەروەها هەروەک دەبینین رۆڵی گرینگیان لە هەموو جیهان هەیە ژنانی ئێرانی هێشتاکە لە مەکتەبەکان وانەی مندالٚداری و ژنی ناو ماڵیان پێ دەوترێتەوە و ژنان و کچانی ئێرانی لە شەقامەکانی ئەو وڵاتە بۆ دەرکەوتنی چەند تالٚی مویان دەکەونە بەر بێ بەزییانەترین توندیوتیژی دەزگا ئەمنیەتیەکانی کۆماری دژە ژنی ئیسلامی ئێران. کچان و ژنانی ئێرانی دەبێ بە بەرتەسککردنەوەی سەرەتاییترین مافی شارۆمەندیان لە فەزای پەروەردەیی پڕاوپڕ لە سوکایەتی وکۆمەڵگەی پیاوسالاری ئێرانی تەنانەت بیر لە ئەوە بکەنەوە بەرچەسپی ناموسیان لێ نەدرێ و لەو فەزا نائەمنیەتی و نائینسانیە رۆژانە دەبنە قوربانی ناموس پەرستی و تیزاب پێداکردن، چوونکە ئەخلاقیاتی ئیسلامی لەو وڵاتە بوونی هەیە ئەخلاقیاتێکی دژە مرۆڤ کە ساڵهای سالە هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی بەرهەم هێنراوە و لە منالٚیەوە تاکەکانی پێ گەورە بووە. کچان زۆر جار دوای بێ هیوا بوون لەو سیستمە ئاموزشی و نائینسانیە و بێ هیوا بوون لە بنەماڵەکان، کە بێ گومان بنەماڵەش وەک یەکەیەکی بچووکی کۆمەڵگە خۆی قوربانی ئەو سیستمەیە، لەبەر نەبوونی ئازادی و ژیانێکی ئاسودە زۆربەیان بەرەو شارە گەورەکانی وەکوو تاران رادەکەن و بۆ بژێوی ژیانیان و بۆ چارەسەرکردنی برسێتی ناچارن هەموو کارێک بکەن. سپاسی پاسدارانی کۆماری ئیسلامیش لە هیچ هەوڵێک لەو نیوەدا پاشگەز نابێ و ساڵهایە کەڵکی نابەجێ لە کچانی راکردوو وەردەگرێ و بۆ کڕین و فرۆشتنی مادەی هۆشبەر کەڵکیان لێ وەردەگرێ و بە دەیان و سەدان بار دەستدرێژیان کردووە سەر ئەو ژنانە و وەکو و کالای جنسیش کڕین و فرۆشیان پێ دەکات، ئەوە ئورگانێکە لە سیستمێکە کە پەروەردەی دینی تێیدا بەرێوەدەچێ و بە ناو دەبێ دەزگای ئەمنیەتی تاکەکان لە ئێران بێ. سوپای پاسدارانی ئێران دەزگایەکی سەرکوتە کە ناوی لە لیستی رەشی باندە مافیاکانی مادەی هۆشبەر دایە و دەستی بۆ هەموو جینایەتێک بە دژی تاکەکان لە ئێران بە گشتی وژنان بە تایبەتی ئاوەلایە. سوپای پاسدارانێک کە بۆتە یەکێک لە باندە مافیاکانی هەناردەکردنی ژنان و کچانی ئێرانی بۆ عەشیرەت و شێخە هەوەس بازەکانی عەرەب لە ولاتانی عەرەبی، وساڵهایە کارنامەیەکی رەشی بۆ خۆی تۆمار کردووە. یەکێکی تر لە گرفتەکانی کچان کڕین و فرۆشی مادەی هۆشبەر لە مەکتەبەکانە کە هەر لەلایەن سپای پاسدارانەوە ساڵهایە بەرێوە دەچێ. سەرەرای هەموو گرفتەکانی ژنان لە مەکتەب و سیستمی پەروەردەیی، ئەوان لەگەل نەبوونی ئەمنیەت بەرەوروون ژنان و کچانی ئێرانی رۆژانە هەر لەو سیستمەدا و لە قوتابخانە و زانکۆکان لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی دەستدرێژی جنسیان دەکرێتە سەر و ئەو دیاردە قیزەونە لە ماوەی سالانی رابردوودا رووی لە زیاد بوون کردووە، کە ئەویش هەر لەو ڕوانگە ئەبزاری و جنسیەی کە کۆماری دژە ژن خولٚقێنەرێتی سەرچاوە دەگرێ. ئەگەر باس لە گرفتی ژنان و کچانی ئێرانی لە سیستمی ناپەروەردەی کۆماری ئیسلامی بکەین لەوانەیە لە دوتوویی بابەتێک ئاوا دا نەگونجێ، بەلام ئێمە ویستمان کە چاوخشاندنێکمان هەبێ بەسەر ئەو سیستمە و لایەنە نێگەتیڤەکانی بخەینە روو. کێشەی سەرەکی ژنان نیگای ئەبزاری و جنسی نیسبەت بەوانە کە هەڵقوڵاوی روانگەی خورافە و ئیسلامی و یاسا دژە ژنیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، روانگەیەکی نامرۆڤانە کە لەناو کۆمەڵگە و بنەماڵەکان بنجی داکوتاوە. بۆیە بۆ چارەسەری هەموو ئەو کێشانە و گۆڕینی ئەو روانگەیە پێویستە بیر لە نەمان و هەڵتەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەو حکومەتە بکەینەوە و هەوڵەکانمان لەو راستایە بخەینە روو، چونکە ئازادی تاکەکان و بە تایبەتی ژنان بەندە بە نەمانی ئەو حکومەتە دژە ژنە لە ئێران.

## درێژەی ... گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد، سەبارەت بە ستراتیژی شۆڕش لەکوردستان...

شارۆچەیەکیشدا ئەم دەرفەتە بڕەخسێ، نابێ دەستی لێ ڕابگیرێت. ناوی دەنرێت زۆنێکی تازە یان کانتۆنێک یان هەرێمێک یان ناوچەیەک گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە لە پانتاییەکی کەمیشدا بێت نموزەجێکی تر لە دەسەلاتداریێتی بە کردەوە نیشانبدرێت. دەسەلاتێک کە ئیرادە و دەخالەتی جەماوەری رێکخراو لە دەوری بنکە و وشوراو ئەنجومەنەکانی خۆیان تیادا بەرجەستە بێت، لەلایەن هێزی جەماوەری چەکدار و ڕێکخراو بە شێوەی میلیشیایەکی جەماوەری پارێزگاری لێبکرێت، بە کۆمەڵێک یاسا و رێسای پێشکەوتوانە و ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی ئەو ناوچەیە بەڕێوە ببرێت و بە ئەندازەی ئەو داهاتەی لەبەردەستیدایە... گوزەرانی خەڵک و خزمەتگوزاریە پێویستەکان بۆ دانیشتوان دابین بکات، ئازادییەکی فراوان و بێقەید وشەرت ڕابگەیەنێ، ...و....ئەم کیانە نە تەنیا پێویست نییە لەگەڵ دەسەلاتی میلیشیایی حزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان لە ناوچەکانی تردا بچیتە جەنگەوە، یان دەستپێشخەری بەم جۆرە بکات، بەڵکو دەبێ بە پلان و سیاسەتی کارساز هەوڵدات دەستی ئەوان لە پەلامار بۆسەر ئەم کیانە و شەڕ پێفرۆشتنی ببەستێت. هەوڵدات وەکو ئەمری واقع ڕەسمیەتی خۆی بە هەولێر و بەغدا و هەموو دەسەلاتە ناوچەییەکانی تر بقەبلێنێ و گوشاریان بۆ بهێنێ تا بەشە بودجەی ناوچەکە بدەن و ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریەکانی پێ دابین بکات. بە بڕوای من ئەزمون و کیانێکی بەم جۆرە ئەگەر بکەوێتەبەر هێرشی حزبە میلیشیاییەکان لەلایەن جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخواز بە ژن و پیاوەوە بە دڵ و بە گیان بەرگری لێ دەکرێت، دەبێتە کۆبانیەکی تر، تەنانەت خەلەلی جدی دەخاتە ناو هێزی پێشمەرگەوە ئەگەر فەرمانیان پێبکرێت بۆ پەلاماردانی ئەم کیانە. شکڵگرتنی ئەزمونێکی بەم جۆرە چەندین جار زیاتر لە ئەزمونی دەسەلاتدارێتی چەتە ئیسلامیەکان کە خەڵکی هەڵەبجە و هەورامانیان هەراسان کردبوو، شانسی زۆرتری دەبێت. ئەو کات خودی نیشاندانی ئەزمون و نموزەجێک لە دەسەلاتدارێتیەکی بەم جۆرە، گرنگترین فاکتەرە بۆ جۆشدانی خەبات لە ناوچەکانی تر بە ئاراستەی دوپاتکردنەوەی ئەو تەجروبەیە و کۆپی کردنی ئەوجۆرە دەسەلاتدارێتیە، بەخێرایی ئەم نموزەجە سەراسەری دەبێتەوە. دەسەلاتی میلیشیایی لە ئاستی سەراسەریدا دوچاری قەیرانی خنکێنەر دەکات و رێچەکەی باش دەکرێتەوە بۆ هەلٚپێچانی ئەم دەسەلاتە لە هەموو کوردستان، تەنانەت کۆمەک بە جۆشخواردنی بزوتنەوەیەکی وا دەکات لە ئاستی عێراقیشدا.

بەڵام بێگومان بردنەپێش و تەحقیقی ئەم ستراتیژە ڕێگایەکی تەخت و بێ کۆسپ و تەگەرەی لەبەردەم نییە. هەرچەندە کردەنی و واقعیە، بەڵام سەختی و دژواری خۆی هەیە. بەرلەهەرشت حزبێکی کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕ و جەسوری پێویستە کە ئەرکی رابەری و ڕێکخستنی بزوتنەوەی هەڵپێچانی دەسەلاتی ئێستا لە ئەستۆبگرێت. حزبێک کە ئەگەر خاوەنی واقعی ئەم ستراتیژە بێت لە فەزای ئێستادا دەتوانێ زۆر خێرا پێبنێتە ناو هاوکێشەی قودرەتی سیاسیەوە. لە هەلومەرجێکدا کە لەلایەک دەسەلاتی حزبە میلیشیاییەکان دوچاری ئەزمە و تیکە ولیکە و ناکۆکی ناوخۆییە، لەلایەکی ترەوە نەفرەت و نارەزایەتی جەماوەری دەکولێت، کۆتایهینان بەم دەسەلاتە ئاوات و ئارەزویەکی جەماوەری ملیۆنییە. هەر حزبێک ببێتە نوێنەرو رابەری بەکردەوە دەرهێنانی مەیلی هەلٚپێچانی ئەم دەسەلاتە، ببێتە ئامرازی مومکین کردنی ئەم گۆڕانە، دەتوانێ بە خێرایی پێی خۆی لە مەرکەزی کێشمەکێش لەسەر قودرەتی سیاسی بچەقێنێ و ببێتە سەرێکی هاوکێشەی قودرەتی سیاسی.

**ماویەتی...**

بۆپێشەوە FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی... هەواڵ و نارەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان...

ڕاشیانگەیاندوە کە لەماوەی داهاتوودا جۆری ئەوکارانە دیاری دەکەن کە دەیگرنە بەر. ئەو ڕۆژنامەیە جەختی لەوەکردەوە کە کرێکارانی مەیدانی سانیاگۆ بۆ دروستکردنی پاپۆر ئەم بەیانیە کۆبوونەوەیەکی گشتیان لە کارگەکە ئەنجام داوە، وە بڕیاریان داوە کە کریکاران بانگەواز بکەن، دوای پشتگوێ خستنەکانی حکومەت بۆ داواکاریەکانیان. جەختیان لە دەوروبەری پلازای ئیتالی کردۆتەوە و بەرەو بارەگای وەزارەتی ئابووری ڕێیان کردوە و چوونەتە ناو باڵەخانەکەوە و لەوێ ماونەتەوە.

### هەواڵی نارەزایەتی کرێکاران وتەکنیکارانی کارگەری چیمەنتۆی

### گاسن

### کوردستان/ سلێمانی/25/9/2018

ژمارەیەک کرێکارو تەکنیکارو ئەندازیاری کارگەی چیمەنتۆی گاسن لەبەردەم کارگەی ناوبراو کۆبونەوەو وەکو دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بە دەرکردنیان ڕێگایان لە هاتوچۆی ئوتۆمبێلەکانی بارکردنی چیمەنتۆ گرت. شایانی باسە ژمارەیەک لە هاورێکانیان وەکو پشتیوانی بەشداری کۆبونەوەی نارەزایەتی هاورێکانیان کردوە.

خواستی کرێکاران و تەنکیکارەکان هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دەرکردنیانە لەلایەن کۆمپانیای ناوبراوە کە سەر بە گرووپی کۆمپانیاکانی فاروقە! بەمەبەستی دەستیکردن بەو تەکنیکارو وکرێکارانەی لە بەردەم کارگە نارەزایەتی دەردەبڕن، پێیان ڕاگەیاندون کە بەڕێوەبەری پرۆژەکان سەفەری ئەردەنی کردوە و چاوەڕێ بکەن تا دەگەرێتەوە.. بەڕێوەبەری پرۆژەکان ئەو کەسەیە کە بڕیاری دەرکردنەکەی داوە، بەڵام ئەوان بەوە رازی نەبوون و درێژەیان بە مانگرتنەکەیان داوە.دوای ئەوە بەڕێوەبەرایەتی کارگە ناچاربوە کە دوو نوێنەریان بانگ بکات بۆ کۆبونەوە لە گەڵیاندا! مانگرتنەکە تا کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بەردەوامە...

## درێژەی...دیمانە لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەند لە" سەمای گڵ و ڕەنگ" دا

**بورهان مستەفا:** بینەر چێژ لە هەردوو کاری هونەری پەیکەرتاشی و تابلۆی شێوەکاری ڕەنگ یا هێڵکاری وەردەگرێت. هەندێک بابەت دەربڕینی بە پەیکەر جوانترە، و هەندێک بابەتیش هەیە بە تابلۆ و ڕەنگ، و هەندێک جاریش تەنها بەقەڵەم ڕەساس هێڵکاری دەتوانیت هەستی خۆت دەربڕێت...

لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان مەرحەلەی یەک و دوو لە بەشی شێوەکاری پەیکەرسازی و شێوەکاری هێڵکاری و تابلۆ و ڕەنگسازیشم خوێندووە، لەهەردوو بەش زۆر باشبووم. سەرۆک بەشی پەیکەرتاشی ناوی مامۆستا حوسێن بوو (یادی بەخێر) زۆر حەزی لەکارەکانی من بوو، زۆر هانی دەدام بچمە بەشی پەیکەرسازی، بەڵام لە پۆلی سێیەم بەشەکان جیادەکرێنەوە. هەروەها من لە وێنەکێشانیش زۆر باش بووم و چوومە بەشی وێنەکێشان. بەڵام لەپەیکەرسازیەکەش هەر بەردەوام بووم بەرهەمی باشم هەبوو.

**بۆپێشەوە: بەچەند کاری هونەری بەشداریت لە پیشانگەی" سەمای گڵ و ڕەنگ" کرد؟**

**بورهان مستەفا:** بە ١٢ کاری هونەری بەشداریم کرد، دەمتوانی زیاتریش بێت، بەڵام وام بەباش زانی هۆڵەکە زۆر تەنگ و قەربالّغ نەکەم.

زۆر سوپاسی کاک ئاراس و هاورێیانی دیکەی پێگەی ڕۆشنبیری کوردیی ئۆتاوا دەکەم کە بەو کارە هەستان و ئەرک و ماندووبوونیان جێی دەستخۆشی و ڕێزە. سوپاسیش بۆئێوە لە بۆپێشەوە کە بەسەرتان کردینەوە بەم گفتوگۆیە هونەریە.

**ئاسۆ فەرەج لە بۆدری پێگە**

**بۆپێشەوە : پێگە چۆن توانی لەو ماوە کەمەدا بەو چالاکییە گەورانە هەستێ؟**

سوپاس بۆ پرسیارەکەتان، بێگومان خۆی لە خۆیدا وەک ئێوە دەفەرموون ئەم چالاکییە چالاکییەکی مەزن بوو نەک گەورە. وەک لە پرسیارەکەدا فەرمووتان لەم ماوە کەمەدا، بە ڕاستی ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەم جۆرە چالاکییانە پەیوەندی هەیە بە هیوا و ئامانجی پێگە و ڕەنگدانەوەی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەران. بێگومان ئەبێت ئێمە خەونەکانمان گەورە بن، سەرباری ئەوەش ئەو ئەرکەی ئێمە وەک دەستەی بەڕێوەبەرانی پێگە خستوومانەتە سەر ئەستۆی خۆمان بە کارێکی پیرۆزی دەزانین و ئەگەریش خەونە مەزنەکانی وەک ئەم جۆرە چالاکییانە نەهێنینە ئەنجام ئەوا بەو سەرئەنجامە دەگەین کە دەبینە یەخسیری نابێت و ناکرێت. هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پێگە، ئێمە دروشممان کارکردن بوو لە پێناو بە ئەنجام گەیاندنی ئەو چالاکییانەی کە لە ئاستی دامەزراوێکی وەک پێگەی ڕۆشنبیریی بێت. لەوانەیە بۆ هەندێک کەس یان بگرە ئێمەش ماوەکە کورت بووبێت؛ بەڵام بە دڵنیاییەوە کاتێکی بێ شومار تەرخانکرا بۆ ئەنجامدان و بەرنامەڕێژییەکی تۆکمەمان گرتەبەر لەپێناوی سەرکەوتنی چالاکییەکە. ئەرکەکانیش بریتی بوون لە ئامادەکاریە سەرەکییەکانی وەک پەیوەندیکردن بە هونەمەندەکان و ئەوانیش بە گیانێکی دڵسۆزانەوە پەسەنمەندی خۆیان نیشاندا. لایەنێکی تری ئامادەکارییەکەش بەدەستهێنانی شوێنێکی گونجاو و لەبار بۆ پێشانگاکە و گرنگیدانیش بەوەی کە شوێنەکە لە ئاستی هونەرمەندەکاندا بێت و پڕ بە پێزی کارە ناسکەکانی هەر هەشت هونەمەندەکانمان بێت. ئەوەی شایانی باسە ئێمە توانیمان بەهاوکاری هونەرمەندەکان و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەران پەڕاوی ناساندنی هەر هەشت هونەرمەندەکان بنەخشێنین و پۆستەری پێشانگاکەش لە ماوەیەکی کورتی دیاریکراودا ئامادە بکەین و بکەوینە بڵاوکردنەوەی چالاکییەکە لە میدیا کۆمەڵگەییەکان و ناردنی ئیمەیڵ و ڕاگەیاندنی ڕەوەندی کورد بۆ ئامادەبوون و بەشداری کردنیان لە چالاکییەکەدا. خاڵی سەرەکی و گرنگی ئێمە ئاستی ئەو شوێنە بوو کە دەبوایە بمانگرتایە بۆ پێشانگاکە، بە دڵنیاییەوە، بە لایەنی کەمەوە دەبوایە ئاستی شوێنی سازدانی پێشانگاکە لە ئاستی هونەمەندەکانماندا بوایە و هەر هیچ نەبێت لە ئاستی هونەرمەندە بەنرخەکانماندا کەمتر نەبێت. لایەنێکی دی چالاکییەکە ئەوە بوو کە ئەم جۆرە چالاکییە بۆ یەکەم جار بوو لەو ئاستەدا هونەرمەندانی کورد لە شوێنە جیاجیاکانی جیهانەوە هاتبوون بەرەو پیرمان؛ ئێمەش دەبوایە ئەرکەکانمان بەشێوەیەک ئەنجام بدەین کە لە ئاستی متمانەی هونەرمەندەکانماندا بین. ئەزموونەکەش ئەزموونێکی نوێ بوو بۆ ئێمە، دەستەی بەڕێوەبەرانیش وا بە ئەرکە هەستاین کە بە خۆمان بڵێین ئەمە یەکەم چالاکییە لەم جۆر و ئاستەدا، دەبێت کارێکی وابێت کە ببێتە مایەی دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە چالاکییانە لە ساڵانی داهاتوودا. بەڵێ، ڕاستە هەنگاوەکامان بازێکی گەورە بوو بۆ پێگە؛ بەڵام بە هۆی باوەڕکردن بە خۆمان و متمانەکردن گشت ئەندامانی پێگە دڵنیابووین لەوەی کە چالاکییەکی سەرکەوتوو دەبێت، و دەبێتە مایەی دروستبوونی هەوێنی چالاکییەکی بەردەوامی لەم جۆرە.



**بۆپێشەوە: کۆکردنەوەی ٨ هونەرمەندی کوردی هەندەران و نیشتەجێی وڵاتانی جیاجیا چۆن بوو و چی دەگەیەنێت؟ وە ئایا دووبارە بوونەوەی لە ساڵانی داهاتوو دەبێت؟ بەرنامەی کاری داهاتووتان چییە؟**

**ئاسۆ فەرەج:** بەشانازییەوە دەڵێم، ئێمە وەک دەستەی بەڕێوەبەرانی پێگەی ڕۆشنبیریی کوردیی ئۆتاوا؛ لەپاش ئەم سەرکەوتنەی پێشانگاکەمان و دەنگدانەوەی لەنێو ڕەوندی کورداندا لە تاووتوێکردنی چالاکییەکەدا لە کۆبوونەوەی دوای چالاکییەکە، ئەوەمان پێشنیار کرد کە ئەم جۆرە چالاکییە ببێتە چالاکییەکی بەردەوامی ساڵانە، و ببێت بە یەکێک لە چالاکییە دیاریکراوەکانی ساڵانەمان. هیواداریشم دووبارەو چەندبارەشی بکەینەوە لە ساڵانی داهاتوودا و پێخۆشحاڵیش دەبین بەوەی کە ئەو هونەرمەندانەی نیازی بەشداربوونیان هەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا پەیوەندیمان پێوە بکەن بۆئەوەی خۆمان ئامادە بکەین بۆ پێشانگای داهاتوومان لە ساڵی 2019ە دا. سەرکەوتنی ئێمە بە بەردەوامیدان و سەرکەوتنی چالاکییەکانمانەو بێهوودە مەشخەڵی "پێگە سەکۆیەک بۆ هەموان" مان بەرز نەکردووەتەوە. هیواداریشین لە داهاتوودا ببینە بنکەیەک بۆ گشت هونەرمەندان و ڕووناکبیرانی کورد و گشت نەتەوەکانی دی. ئێمە ئامادەیی خۆمان دەربڕیوە کە هاوکار بین لەتەک گشت ڕەوەندەکانی تری کەنەدا، جا بە هەر زمان و ڕەنگێک بێت. ئاواتەخوازیشین ببینە ئەو تروسکاییەی لە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی، وێژەیی، کۆمەڵگەیی و گشت بوارەکانی دی، هەموو ئەو لایەنانەی دەیانەوێت لە سەکۆی پێگەوە دەنگ و ڕەنگی خۆیان بگەیەنن بە گشت.

سوپاسی بێ شومارم بۆ ئێوەی بەڕێز بۆ ئەم چاوپێکەوتنە و گرنگیدانتان بە پێگە و چالاکییەکانمان.

## درێژەی... دوا وتە

فێرکردنی هەرێم... لەزمانی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی مامۆستایانەوە... ئەو ئامارە ترسناکەو ئەو دۆخەی کە خوێندکار ڕووبەڕووی دەبنەوە، لە پاڵ هەلومەرجی مامۆستایان و برینی موچەو گرانی بازار و شکاندنی شکۆی مامۆستایان، مەنهەجی کۆنەپەرستانە و سەرچاوە گرتوو لە شەرع و کۆنەپەرستی... ڕیسوای حکومەت و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی دەخاتە ڕوو... بوونی یەک لەو ئامارانە لەهەر وڵاتێکی دنیادا، حکومەت ناچار بەدەست لەکارکێشانەوە دەکات... بەسەدان قوتابخانە مەترسی روخانیان هەبێت... یانی مەرگی دەیان هەزار قوتابی لە ژێر ڕەحمەتی مەترسی دارمانی لەناکاوی قوتابخانە وێرانەکاندا دایە. خوێندکارانێکی زۆر لە ئاوی خواردنەوە بێبەشن... چ شەرمەزارییەکە، خوێندکار و قوتابی و منالان تینویان بێت و ئاوی خوارنەوەیان نەبێت... هیشتا و دوای ٢٧ ساڵ قوتابخانەی دوو دەوام سی دەوامی هەبێت... ئەمە ئەگەر بڕیاری بەگۆر سپاردنی خوێندن و پەروەردە نەبێت، دەبێ چ ناوێکی تری لێ بنرێت... ئەمە جینۆسایدانی پیگەیاندن و داروخاندنی ئایندەی چەندین نەوە نەبێت، دەبێ چ پێناسەیەکی بۆ بکرێت... بێ دەنگی بەرامبەر بەو دۆخەی خوێندن و پەروەردە ئایندەی خوێندکاران و قوتابیان، بەراستی تاوانێکی نەبەخشراوە... لەسەدا یەکی داهاتی بەرپرسە حزبی و حکومیەکان، و مەلتی ملیاردێر و ملیۆنێرەکان، دەتوانێت کۆتایی بەو مەرگەساتە بهێنێت، بەڵام چاوچنۆکی حزب و سەرمایەدارانی چاوچنۆکیان، کەخۆیان و مناڵەکانیان، لە قوتابخانەی تایبەتی و مامۆستای متەخەسیس و گیرفانی پر بەهرەمەندن... بۆیان گرنگ نییە زوربەی هەرە زۆری قوتابیان و خوێندکاران، لەخەونی پیگەیشتن و فیرکردن بێبەش بکرێن یان لاشەی ناسکیان، لە ژێر داوپەردوی روخاوی قوتابخانە وێرانەکاندا، ئەنجن ئەنجن ببێت... پێویستە مامۆستایانی ئازادیخوازو هەموو ئینسانیکی ویژدان زیندوو لەگەڵ کەسوکاری خوێندکاران، لەبەرامبەر بەو هەلومەرجە دڵهەژێنەدا بێنە مەیدان و ڕیگەنەن ئەو کارەساتە ڕووبدات، کە لە زمانی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی مامۆستایانەوە ئاماژە بە گۆشەیەکی کراوە...

ساڵی تازەی خوێندن بەحەق دەبێ ساڵی وەستانەوەبێت بۆ کۆتایی هێنان بە پاشەکەوتی موچە و ساڵی پەرەدان بە نارازایەتی مامۆمۆستایان و کارمەندان و کەس و کاری خوێندکاران و خوێندکاران بێت... لە پێناو سیستەمێکی تەندروستی پەروەردەو فێرکردنی شارستانی، لە پێناو کۆتایی هێنان بە سیستەمی داروخاوی پەروەردەو فیرکردن و بێ بەشیەکانیان، لە خزمەتگوزاری سادەی وەکو کتێب و قەڵەم و دەفتەرەوە بۆ بینای شیاوی خوێندن و مامۆستای پیویست و ژینگەیەکی ئارام کە شکۆفایی ببەخشیت بە تاکەکان و پرسی پەروەردەو خوێندندا...

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

راوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:ئاراس ڕەشید، شوان عەزیز، هەتاو عەبدوڵاهی، عەبدوڵا مەحمود، سالار حەمە سەعید، ڕێبوار ئەحمەد،ئاسۆ کەمال، عەبدالرحمن رەسوڵ

سالّی دووەم ژمارە (37) 1/10/2018 دوا لاپەڕە

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

# پیاوەکانی پارێزگاری دیموکراسی!! هێرش دەکەنە سەر سەرنووسەری ویستگە نیوز



سەر لەبەیانی بەرواری ٢٨ ئەم مانگە، لەیەکێک لە بنکەکانی دەنگدانی تایبەتدا، بەناوی بنکەی سەرکەوت، ژمارەیەک چەکداری پەروەردەکراو بە دیموکراسی میلیشیایی!! هیرشیان کردە سەر سیروان غەریبی سەرنووسەری وێستگە نیوز و ئازاریان داوە موبایلەکەیان بۆ ماوەیەک لێ سەندووە... پاساوی ئەو هیرشە نارەوایە، ئەوەبووە کە گومانیان کردوە وینەی گرتبێت... ئەوە لە کاتێکدا کە سەرنووسەری ویستگە نیوز هەم پسولّەی کۆمسیۆن و هەم باجی ویستگە نیوزی پیوە بووە و ویستویەتی رۆماڵی هەڵبژاردنی تایبەت بکات... ئەگەر بەڵتەجیەکانی کوردایەتی ئاوا بە ئاشکرا هیرش بکەنە سەر سەرنووسەری پیگەیەک و رۆژنامەنووسێک کەهەڵگری باجی فەرمی بووە، دەبێ چۆن مامەڵە لەکەسێکی ئاسایی یان رۆژنامەنووسێکی بێ پسولّە بکەن... ئەمەیە دیموکراسی، ئەمە ماهیەتی دەسەڵاتی رەشی بزوتنەوەی کوردایەتی... ئەم رەفتارە جیگای ئیدانەی دەستبەجێیە، لەلایەن رۆژنامەنووسان و هەموو ئازادیخوازانەوە...

# مانگرتنی سایەق لۆرییەکانی ئێران فراوانتر دەبێتەوە



لەسەرەتای ئەم مانگی سێبتەمبەرەوە تا ئێستا، سایەق پاسەکانی دەیان و سەدان شاری ئیران، دەستیان داوەتە مانگرتنێکی فراوان و سەراسەری و یەکگرتووانە، لە پێناو خواست وداواکارییەکانیان... لەوانەش خواستی زیادکردنی موچەی خانەنشینی و سەختی کار، دابەزاندنی نرخی لاستیک و موادە ئیحتیاتیەکان، دەستکورتکردنەوەی دەلاّلان و قاچاخچیان و باندەکانیان، سزادانی پیاوانی ریشوەخۆر...زیادکردنی بیمەی سایەقی... ئەو مانگرتنە لەسەر داوای یەکێتی سایەقەکانی لۆری، دەستیپیکردووە تا ئیستاش بەردەوامە... لەبەرامبەر بەو مانگرتنە یەکگرتوانەو سەراسەرییە فراوانەدا، رژێمی هاری سەرمایە لە ئیران بەجیا لەهەرەشەو سەرکوت و دەستگیر کردنی دەیان لە رابەران و قسەکەرانی ئەو مانگرتنە، لەهەوڵی نانەوەی دووبەرەکی و درزخستنە ناو ریزی مانگرتوان دایە... ئەو مانگرتنە شکۆدارە پێویستی بە پشتیوانی بەشەکانی تری چینی کرێکار و جەماوەری ستەم لێچووی ئیران هەیە... بژی مانگرتنی سەراسەری سایەق لۆریەکان لەسەراسەری ئێران

## مانگرتنی هێڵی پیکادیلی
## کرێکارانی هێڵی شەمەندەفەری پیکادیلی دوو مانگرتنی ڕاگەیاند

**سالار حمەسەعید**

دوابەدوای نەگەیشتن بە ئاکامێک لەکۆبوونەوەکانی نێوان سەندیکای کرێکاران و بەڕێوەبەرانی شەمەندەفەری ژێرزەوی ئەندامانی ئێن یو ئار (سەندیکای نیشتمانی هێڵی شەمەندەفەر) و کرێکارانی گواستنەوە مانگرتنیان راگەیاند و دەستیان لە کارەکانیان کێشایەوە. باروڕەوشی کرێکاران لە هێڵەکانی شەمەندەفەری پیکادیلی هۆکاری سەرەکی ئەم مانگرتنانەیە، ئەم مانگرتنە لە کاتژمێر ٤ ی پاش نیوەرۆی چوارشەممە ٢٦ی سپتەمبەر دەستی پێکرد و بەردەوام بوو لە پێنج شەممە تاکو پاش نیوەرۆی هەینی ٢٨ی سپتمبەریش بەردەوام دەبێ. سکرتێری گشتی یەکیەتی کرێکاران میک کاش بەڕێوبەرانی هێڵی ژێر زەوی تاوانبار دەکات بە نکۆڵیکردنی واقعیەت و رەتکردنەوەی ڕاشکاوی لەبردنەپێشەوەی کێشە بنەماییەکان. ئەم مانگرتنانە، مانگرتنێکی ٣ رۆژەیە دژ بەو بارو رەوشەی کە بەسەر کرێکاراندا سەپێنراوە. مانگرتنی دووەمیش دوابەدوای مانگرتنی یەکەم دێت واتە سەعات ٨,٣٠ ی ئێوارەی هەینی دەست پێدەکاتەوە. یەکێک لەبەرپرسانی (تی ئیف ئێل) دەڵێ: ئەم مانگرتنانە بەبێ هیچ هۆکارێکی مەنتیقی و مەعقولە، ژیان و گوزەرانی کرێکاران بەهۆکاری مەعقول دانانرێ بەلای بەرێوەبەرێکی ئەم هێڵانە.

**دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو ١٣/١٠/٢٠١٨**

# دوا وتە

## لەپێشوازی ساڵی تازەی خوێندندا

بەیانی بەرواری ٢ ئۆکتۆبەر، بریارە دەرگای قوتابخانەو پەیمانگا و زانکۆکان، بەرووی خوێندکاران و مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە بکرێتەوە... سەرەتا بەبۆنەی دەستپێکی ساڵی تازەی خوێندنەوە پیرۆزبایی لە هەموو خوێندکار و کارمەندو مامۆستایانی ئازدیخوازو پێشکەوتنخواز و وێڵ بەدوای پەروەردەو فیرکردنی ئینسانی سەردەمیدا... دەکەین.

دەسپێکی تازەی خوێندنی ئەمساڵ، رێک بەدوای هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی!! کوردستان و بەدوای سێڵاوێک لە وەعدەو بەڵێنی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا دەست پێدەکات... کە بەهەموویان بەڵێنی گۆرێنی کوردستان بە بەهشستانی گۆی زەویان دەدا... دیارە ئەو شاڵاوی بەڵینە بەجیا لەلایەنە فریوکارییەکەی ریشەی لە نەبوونی خزمەتگوازری و ماف و ئازادی و پیداویستیە هەمەلایەنەکانی هاوڵاتیان دایە، لە هەموو زەمینەکاندا، لەوانەش لە زەمینەی خوێندن و فیرکردن و پەروەردەدا...

وە سەرەتای ساڵی خوێندن، لە هەلومەرجێکدا دەستپێدەکات، کە نەبوونی و گرانی، بێکاری و بێمافی، مانەوەی سیستەمی" پاشەکەوتکردنی موچە" بەهەژارکردنی زۆرتری مامۆستایان و کارمەندان... هەرەشەیەکی ئاشکرایە لەسەر سیستەمی خوێندن و پەروەردە و ئایندەی چەندین نەوە لە قوتابیان و خوێندکاران، لە ئاستە جیاجیاکانی خوێندندا...

هەروەها لەکاتێکدا دەرگای قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆکان، دەستپێدەکات، کە ئاماری بێبەشی خوێندکاران لەسەرەتاییترین پیداویستی قوتابخانەکان و هەلومەرجی خوێندن و پەرەوەردە، مەترسیەکی گەورەیە... بەپێی لیدوانی بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ئەحمەد کەرکوکی لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا،خستیە روو ... بەسەدان قوتابخانەو بە دیاریکراوی ٥٦٩ قوتابخانە مەترسی ڕوخانیان لەسەرە کە ٢٥٠ هەزار خوێندکار تیایدا دەخوێنن. وە هاوکات ئاماژە بەوە دەکات کە زیاتر لە دووهەزار قوتابخانە دوو دەوام و ٣٠٠ قوتابخانە سێ دەوامیان تیا دەکرێت. وە دەلێت کە لە سەدا ٢٥ قوتابخانەکان لەهەریمی کوردستاندا ئاوی خواردنەوەیان نییەو سەدا پەنجای قوتابخانەکان بێبەشن لە تاقیگە. وە دوای ٢٧ ساڵ، لە رەخنەگرتن و پەردە هەڵماڵین لەسەر دەستێوردانی حزبەکان لە کایەکانی کۆمەڵگەدا، دەڵێت لە وەزیرەوە بۆ کارگوزارێک بە تەزکیەی حزبی دادەنرێت و ئەوەی ئاوڕی لێنادرێتەوە سلکی خوێندن و پەروەردەیە و بەو هۆیەشەوە دەڵێت ساڵانە زیاتر لە ١٠ هەزار قوتابی وازلەخوێندن دەهێنن...ئەوەش ناشارێتەوە کەهەموو ئەو بەڵێنانەش کە لەکۆنفرانسی پەروەردەیی ساڵی ٢٠١٥ بریاری لێدراوە کە زیاتر لە سەد راسپاردەو بریار بوو، یەک راسپاردەو بریاری لێ جێبەجێ نەکراوە... لە کۆتاییدا دەڵێت" لەهەرێم نە پەروەردەمان هەیە، نەخوێندن...."

ئەمەی سەرەوە لیدوانی کەسێکی بێئاگا و رەخنەگرێکی دەرەوەی سلکی پەروەردە نییە، ئەوە تەنها بەشێک و مشتێکە لە خەرواری ویرانی سیستەمی خوێندن و

بۆلاپەرە 12